# یاداشتەکانی گۆڤاری کوردستان- کوردی

## ئازاد کەریمی

کۆی بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانم لە ئۆرگانی حزبی دێموکراتی کوردستان-٢٠١٥

- ڕووداوی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ و دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- حزبی دێموکراتی کوردستان و مافی ئایین و ئایینزاکان

- ستراتیژی خۆڕاگری یان نەرمەزەبری ستراتیژیک

- خوێندنەوەی بزووتنەوەی ڕیفۆرم لە ئێران بۆ دۆزی کورد

- خەونی ئیمپراتۆریی ئێران لە یەمەن کەوتە بەر گەردەلوولی ڕاشکاو

- پەیوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا دوای ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی

- ئێمپراتۆری ئاریایی، شیعی یان کایەی گەورە؟

- کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا

- فتوای وەلی فەقێ بەهێزترە یان یاسا و ڕێسای "شەیتانی گەورە"؟

- بە بیانووی سەرهەڵدانەوەی شەڕی قەرەباخ

- بەبۆنەی ٣٥ساڵەی ڕادیۆدەنگی کوردستان

- ڕەگەزنامە و هەڵسەنگاندنێکی یاسایی- سیاسی

# به بیانووی سەرهەڵدانەوەی شەڕی قەرەباخ

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاوبوونەوە ١١-١٠-٢٠١٥

لەم دواییانەدا مەترسی زل بوونەوەی کێشەی کۆماری ئازربایجان و کۆماری ئەرمەنستان و دەستپێکردنەوەی شەڕی دووبارەی ئەم دوو وڵاتە لە سەر هەرێمی قەرەباغی سەروو لە ڕاگەیاندنە گشتیەکانی جیهاندا لەقاو درایەوە.... قەرەباغ ناوچەیەکی گەمارۆدراوە لە قەفقازی باشوورو لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئازربایجاندا هەڵکەوتووە. بە گوێرەی سەرژمێرییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچە خودموختارە ١٣٨٠٠٠ کەس بووە.

https://ckb.wikipedia.org

شەڕی قەرەباغ لە ناوەڕاستی زستانی ١٩٨٨ی زایینیەوە هەتا ئاداری ١٩٩٤لە نێوان خەڵکی ئەرمەنی وتورکە ئازەریەکانی ئەم هەرێمە درێژەی هەبوو.کاتێ شەڕ کەوتە قۆناغی مەترسیدارەوە دەوڵەتە خودموختارەکانی ئەو کاتەی ئازربایجان و ئەرمەنستان کە لە ژێر ڕکێفی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەت دا بوون دەستیان وەردایە ئەم شەڕەوە وهەر دوولا کۆششێکی بەرفراوانیان بۆ پاکتاو کردنی لایەنی بەرانبەر لەم هەرێمەدا کرد.لە ئاکامدا پتر لە ٣٥هەزار کەس کوژران و زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەس لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی هەرێمی قەرەباغ ئاوارە و کۆچبار کران.بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی بگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکە تێکۆشانێکی زۆر کرا و چەند ڕێگە چارە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشە نەتەوەیی یە پێشکەش بە هەر دوو لا کران بەڵام هیچیان ئاکامێکی دیار و دڵخۆشکەریان نەبوو و ڕەوشەکە لە باری نە جەنگ و نە ئاشتیدا ڕاگیرا. کێشەی قەرەباغ بوو بە هۆی دابڕانی پەیوەندیە دیپلۆماتیکەکانی ئازربایجان و تورکیا لەگەڵ ئەرمەنستان. بە هۆی داخرانی سنوورەکانەوە وهاتنە ئارای بار و دۆخێکی نوێوە ڕەوشی قەفقازی باشورگۆڕدرا.

کاتێ ئێران، تورکیا، ڕوسیا، ئەمریکا و فەڕەنسا ڕێکخراوی"ئەمنیەت وهاوکاری ئەوروپا و "ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان" هاتنە ناو بابەتەکەوە بۆ ئەوەی ڕەوشەکە هێمن بکەنەوە دۆزی قەرەباغ بوو بە بابەتێکی نێودەوڵەتی.

دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە ٢٤ی دێسەمبەری ١٩٩٤، ئەنجومەنی باڵای قەرەباغ لە هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی ئەنجومەنەکەدا "ڕۆبێرت کوچاریان"ی وەک یەکەم سەرۆک کۆماری ئەم هەرێمە هەڵبژارد. دیارە بۆ دوو جاریش هەڵبژاردنی پارلەمانی لە ساڵەکانی ١٩٩١و ١٩٩٥دا لەم هەرێمە خودموختارەدا بەڕێوە چووە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە هەم ئازەربایجان و هەم ئەرمەنستان دوو وڵاتی فرە نەتەوەن بە پێچەوانەی ئەوەی کە باسی دەکەن وڵاتەکەیان تەنیا تورک یان ئەرمەنی تێدا دەژی. کارنامەی مافی مرۆڤی ئەم دوو وڵاتە درەوشاوە نیە بۆ وێنە کۆماری ئازربایجان لە گەڵ نەتەوەی "تات" کە گەلێکی قەدیمی و مێژوویین و لە باکوری ئەم وڵاتەدا دەژین گیر و گرفتی زۆرە و وای لێهات گەمارۆی خستە سەر هەرێمی تاتەکان و خەریک بوو لەوێ دەست بکات بە پاکتاو کردنی نەتەوەیی بەڵام هەڕەشەی ئیسرائیل لە ئازەربایجان بە هۆی ئەوەی تاتەکان جوولەکەن دەستی کۆماری ئازربایجانی سارد کردەوە لە هەر جۆرە توند و تیژی یەک دژ بە تاتەکان...کۆماری ئازربایجان لە گەڵ کورد و ئەرمەنەکان باش نیە و لووتکەی ئەم دژایەتی کردنە لە گەڵ کوردەکان تێکدان و ڕوخاندنی کۆماری "لاچین" لە ساڵی ١٩٢٧دا و دەست وەردان لە کار و باری هەرێمی خودموختاری قەرەباغ بوو کە شەڕی ماڵوێرانکەری شەش ساڵەی لەم هەرێمەدا لێکەوتەوە.

هەروەها ئەرمەنستان لایەنی دووهەمی ئەم ماجەرایە سەرەڕای تێکەڵاوی مێژوویی کورد و ئەرمەنی لە دوای سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ١٩٩١دا بە شێوازێکی سیستەماتیک دژایەتی لە گەڵ کوردەکان کرد و لووتکەی ئەم دژایەتی کردنە سڕینەوەی ناوی کورد لە فەرهەنگی ئەم وڵاتە و گۆڕینی ئێتنیسیتەی کوردانی ئەم وڵاتە لە کوردەوە بۆ ئێزیدی بوو!ئەوە لە کاتێکدایە ئێزیدی باوەڕمەند بوون بە ئایینێکی کوردی یە بەڵام وشەی کورد باسی گەل،نەتەوە و ئێتنیسیتەی کۆمەڵێ خەڵک دەکا کە تایبەتمەندی زمان و کولتوری خۆیان هەیە.

بەهەرحاڵ ئەو ڕاستیە ناشاردرێتەوە هەستی نەتەوە پرستی و کرداری نەتەوەپەرستانە لەم دوو وڵاتەدا بە هێزە و هەر ئەوەش وای کردوە خەڵکێکی بەرچاوی هەرێمی قەفقاز زێد و خاکی باوک و باپیرانی خۆیان بەجێ بهێڵن وڕوو بکەنە وڵاتانی دیکە بەتایبەت ڕووسیا و بلاڕووس...

قەفقاز ناوچەیەکی هەرە کۆنی مێژووییە ... ڕێگەی هاتنی چەندین قەوم و میللەتی وەک ئاریانەکان، هونەکان، شەکوزان، تورکەکان بووە...ئەوان بە درێژایی مێژووی ١٥٠٠ ساڵەی ڕابردوو سیمای ئێتنیکی و نەتەوەیی قەفقازیان گۆڕی...هێرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی قەدیم لە ٢١٠٠ساڵ پێش ئێستادا هاتوە و چاوی بەم ناوچە کەوتوە و لە کتێبەکەیدا باسی چەند نەتەوەی وەک ئالان،ئیبر، ئەرمەن دەکات و دەڵێ هۆزەکانیان لە ئارمێن لە پشت چیای ماد-ئینی واتە ئارارات یان ئاگری ئێستا پەرەوازەن...

ئارمێن و مادوین دوو پارێزگای ئێمپراتوری "ماد" بوون ...لەم دوو هەرێمەدا شارستانیەتە کەونارەکانی: ماننا ،ئۆرارتوو،کاڵدی،گیلزان، مەتران(مێهران) و خوبوشک گەشەیان کردوە...کوردەکان بە پەنا بردن بۆ بەڵگەنامە مێژوویەکان ماد بە شاهەنشاهی کوردی دەزانن و هەموو جیهان ئەوەی قەبووڵ کردوە و هەر بۆیە پارێزگای ئەرمین(هەرێمی دەوروبەری گۆلاوی وانێ) و مادوین ( لە ئاوی ئاراسەوە هەتا ئەسفەهان بە مادی گەورە و ئازربایجانی ئێران بە مادوینی بچوک دەزانن)...

مێژووی کورد دوور و درێژە و دەگاتەوە سەردەمی کاشی یەکان وا زیاتر لە ٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا لە قەفقاز و زاگرۆس دا ژیاون و باوکی نەتەوەی کورد و هەموو شارستانیەتەکانی کوردیین بە شاهەنشاهی مادەوە کە لە سەدەی پێنجی پێش زایینەوە دا لەناو چوو.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کورد بە هۆی نەبوونی دەوڵەتەوە لە سەدەی ١٩ و ٢٠دا نەهامەتی و ماڵوێرانی زۆری بە سەردا هات و کوشتار و ڕاگواستنی ئیجباری ڕەنگ و ڕووی ئێتنیکی کوردستانی گۆڕی.... بەداخەوە خەریکە زۆربەی کەلەپورە فەرهەنگیەکانی کورد لە قەفقازدا ناویان دەگۆڕدرێ یان نکۆڵی

یان لێدەکرێ...هەم لەسەر دەستی ئەرمەنیەکان و هەم تورکانی ئازەری کە لە کوردی ڕۆژهەڵات و باکووردا بە "عەجەم" دەناسرێن.

لە قەفقاز مێژووی کورد درەوشاوەیە ... پاشایەتی ڕەوادی و هەروەها شەدادی زۆر بەناوبانگن، ئاسەواری مێژوویی لەم هەرێمەدا یادگاریەکانی شاهەنشاهە کوردەکانن...

هەرچەندە بێ دوژمنایەتی تورکانی ئازەری (عەجەم) و ئەرمەنەکان(هایک) و دۆستایەتیشیان! هیچ قازانجێکی بۆ کوردەکانی قەفقاز نەبووە. و سەبەبکاری کێشە و سەرێشە و گیر و گرفت بووە بۆ ژیانی ئاسایی دانیشتوانی کورد لە قەفقازی باشووری...

ئێستاش دیسانەوە خەریکە ئاگری شەڕێکی نوێ لە قەرەباغ دەکرێتەوە و بیر و باوەڕی ڕەگەزپەرستانەی ئازەریەکان و ئەرمەنەکان ڕێگە خۆش دەکات بۆ پاکتاو کردن و کوشتن و ماڵوێرانی لەو هەرێمەدا و دەربەدەری و ماڵبەکۆڵی بۆ کورد و تورک و ئەرمەنی و هەموو دانیشتوانی ناوچەکە... لەبیری ناکەین دەیان هۆزی کورد هەر ئێستاش لە قەفقاز دەژین وەک: جەلالی، میلانی، زیلانی، حەسەنانی، جەوادلو، سوڵتانلو،قەرەچۆلی...وا لە ئەچمیادزین،سەردار ئاباد، دارلاخیسک، ئیتقران، نەخچیوان، قەرەباغ ، ئەریوان و ئیمریتە و ئاقکەند دەژین و خەڵکێکی زۆر لە کوردەکان بە هۆی شەڕی تورک و ئەرمەنەوە قەرەباغیان چۆڵ کردوە و سیمای ئێتنیکی قەفقاز و قەرەباغ بەتایبەتی بەرەو گۆڕانێکی مەترسیدار پێش هەموو خەڵک بۆ کورد دەڕوات و لەوانەیە هەتا ٥٠ساڵی داهاتوو بەدەگمەن کوردێک لە قەفقاز ببینرێ!

**لە ژمارە ٦٦٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

# ڕووداوی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ و دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئازاد کەریمی

بەرواری بڵاو کردنەوە ٠٧-٠٩-٢٠١٥

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای چونە دەرەوی ڕووس و عوسمانی لە١٢٩٧ ی هەتاوی دا هیوا و ئۆمێدەکان بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی و هەروەها بە دەست هێنانی ئازادی و سەربەستی لە قەفەزی بێگانە ڕەنگ و ڕەواڵەتێکی دیکەی گرت.

«ڕەزاشا»ی ئێران دەوڵەتێکی سەرکوتکەری لە ئێراندا بەرپا کرد و دوای ئەوەی زنجیرەی پاشایەتی بنەماڵەی «قەجەر»ی ڕووخاند و هاتە سەرتەخت لەوپەڕی توندوتیژیدا چوارپەلی ئێرانی بە کوردستانەوە دایە بەر شاڵاوی سەربازی و ئاگر و ئاسن و چەکمە و قامچی.

لووتکەی ئەم خراپەکاریانە لە کوردستان ئەنجام درا. بۆ وێنە لە هەورامان، ئیلام، ورمێ و برادۆست، موکریان و مەڵبەندی"هەوەتوو" خوێنی کوردی ڕشت و هەموو کوردە ئازادیخوازەکانی کوشت، یان لە گۆشەی بەندیخانەدا، یان لە تاراوگەدا بەرەو مەرگ و نەمان ڕەوانەی دەکردن. ڕەزاشا بڕوای بەوە بوو بریتانیا سەبەبکاری دواکەوتوویی وڵاتی ئێرانە، هەر بۆیە کاتێ هیتلێر، دیکتاتۆری ئاڵمان سەری هەڵدا، بیری لە نزیک بوونەوە لە ئاڵمان کردەوە و هەر ئەو هاوپەیمانیەی ڕەزاشا و هیتلێر، بوو بە هۆکاری داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانانەوە (بریتانیا- ڕووسیا) لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویدا دوای ئەوەی هیتلێر لە ئەورووپا هاوکات لە گەڵ بریتانیا و ڕووسیا خەریکی شەڕێکیماڵوێرانکەر بوو، وا لە مێژوودا بە شەڕی دووهەمی جیهانی دەناسرێتەوە.

ڕەزا شا دەیویست وڵاتی ژێر حوکمی خۆی بباتە ئاستی وڵاتانی ئەورووپا، هەرچەندە ئەم ئاواتەی ئەو

وەک شای وڵاتی ئێران لە ناوەڕۆکدا ئاواتێکی ڕەوایە، بەڵام کێشەکە لەوە دابوو ئەویش وەک ئاتاتورک، فرانکۆ، مۆسۆلینی و ستالین پێی وا بوو لە پانتای ئەو وڵاتەدا کە ئەو تێیدا فەرمانڕەوایە، دەبێ سەربازخانەیەک دروست بکات و هەمووکەس یەک جل وبەرگ بپۆشن و بە یەک زمان قسە بکەن و بیر و هۆش وهزریان تەنیا لە سەر وتار و فەرمایشی ئەو کار بکات...

لە لایەکی دیکەوە ئەم ئاواتە دوور و درێژەی ڕەزاشا بۆ کورد کە بەشێک لە پێکهاتەی جوگرافیای سیاسی ئێران بوو هەر وەک پێشتر باس کرا ئاڵۆزی و ئاژاوە و ماڵوێرانی زۆری دروست کردەوە. هەر کردەوەیەکی ڕەزاشا لە کوردستاندا دژ کردەوەیەکی هەبوو، بۆ وێنە جل و بەرگی یەکدەست بۆ پیاوان کە شۆڕشی»مەلا خەلیل گۆڕئۆمەری» لێ کەوتەوە یان سەربازگیری ئیجباری کە بوو بە هۆی دژایەتی کردنی کوردانی ناوچەی سەردەشت لە ژێربڕیاری «ئۆمەرپاشای قەڵەڕەشی» و ئەوەی دیارە کوردان هیچ کات لە مەڕ سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی ڕەزاشادا بێ دەنگ نەبوون هەرچەندە دەست و پاوەنەکانی ڕەزاشا لە کوردستان دەستیان لە ئەنجامدانی هەموو جۆرە کردەوەیەکی خراپ دژ بە هاووڵاتیانی کورد ئاوەڵا بوو.

کاتێ لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی و لە ڕۆژی 3ی خەرماناندا فڕۆکەکانی ڕووسیا شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بۆردمان کرد و ئەرتەش واتە هێزی سەربازی ئێران هەڵوەشایەوە سەربازەکانی ئێران پرش و بڵاوکران ،گەلی کورد هەناسەیەکی هەڵکیشا و پشووی ئاسوودەیی دا. بریتانیا و ڕووسیا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەک هەموو بەشەکانی دیکە لە ئێراندا کۆنترۆڵ کرد و لە دەوروبەری شاری سەقزەوە هەتا ڕووباری ئاراس لە ژێر ڕکێفی سوپای سۆڤیەتدا بوو. کوردان لەم بەشەدا جموجۆڵی زۆرتریان هەبوو لە بەر ئەوەی ڕووسەکان لە تەورێزو ئازەربایجاندا دەیانویست پێگەی سیاسی خۆیان بۆ داهاتوو قاییم بکەن هەر بۆیە چاوپۆشی‌یان لە هەندێ کردەوەی سەربەخۆیی خوازانەی سیاسی کوردەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکرد.

دوای دورخستنەوەی ڕەزاشا بۆ دوورگەیەک لە ئەفریقا، محەمەد ڕەزاشا، یەکەم کوڕی ڕەزاشا لە لایەن بریتانیا و سۆڤیەتەوە ئیجازەی پێدرا حوکمی ئێران بکا. ڕاستیەکەی ئەوەیە ڕەزاشا کەسی لە ئێراندا نەهێشتبوو کە ببێ بە فەرمانڕەوای ئێران، هەموو پیاوانی لێهاتووی سیاسی ئێرانیی لە ناو بردبوو. هەر بۆیە بریتانیا و سۆڤیەت بە مەجبووری ڕێگە یان بە محەمەد ڕەزاشا دا ببێ بە شای

ئێران و دوای چەند مانگ ڕووس و بریتانیا ئیجازەیان بە دەوڵەتی شای ئێراندا لە چەند شوێندا یەکەی سەربازی ئێرانی جێگیر بکرێ بۆ ئەوەی هێمایەک بێ بۆ هەبوونی دەسەڵاتی ئێران وەک وڵات لە سنوورەکاندا.

بەڵام ئەم بڕیارە ورەی بە ئێراندا ڕووبکاتەوە کوردستان وکردەوەی توندوتیژی لەشکری ئێران لە سەقزو داگیرکردنەوەی سەقز و دواتر بانە لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە ڕووناکبیرانی کوردی لە مەهاباد خستە ئاویلکەوە تاکوو بیرلەوە بکەنەوە ئەمجارە دەبێ مەڵبەندەکەی خۆیان بپارێزن و هەربۆیە بە نهێنی بڕیاری دروست کردنی ڕێکخراوی « کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» یان دا کە کورت کراوەکەی بە ژێ- کاف ناوبانگی دەرکرد. لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا ژ- ک چالاکی تەشکیلاتی لە شارەکانی مەهاباد و چەند شاری دیکەی دەوروبەری دەست پێ کرد و بانگەوازی بۆ سەرهەڵدانی کولتووری کوردی دەکرد، ئەو کولتوورەی وا ڕەزاشا و دەسەڵاتدارانی دیکەی پێش ئەو دژایەتی‌یان دەکرد و دەیانویست بیسڕنەوە.

لە ١٣٢٤ی هەتاویدا شەڕی جیهانی دووهەم کۆتایی پێ هات و بریتانیا ئێرانی چۆڵ کرد، بەڵام سۆڤیەت ئەجێندای خۆی بەڕێوە دەبرد، ئێرانی چۆڵ نەکرد و ئەمەش بریتانیا و ئێرانی خستە بزاڤەوە کە لە جیهاندا پڕۆپاگەندەی نەرێنی دژبە سۆڤیەت بخەنەگەڕ.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا ڕێکخراوی ژ- کاف دوای کۆبوونەوەیەکی فراوان ناوی خۆی گۆڕی بۆ « حیزبی دێموکراتی کوردستان». ئەم وەرچەرخانە سیاسی‌یەی ئەندامان و دەستەی سەرۆکایەتی ژ- کاف ئاماژە بە گەشەی هزری سیاسی ئەو کەسانە دەکات کە بیر لە ستراتیژی و بەرنامەیەکی درێژخایەن و تۆکمەی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەمەلایەنە دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەزموونی بەڕێوەبەریی کوردستان وەک وڵات تاقی بکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشوو درێژیەوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دەکرد و کاتێ لە تەورێز کۆماری ئازەربایجان بەرپا کرا و پشتگیری سۆڤیەتی بۆ ئەوان بینی، بیری لە ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستان کردوە. دیارە سەرەڕای هەموو گەشبینی‌یەکانی کورد، هەم ژ- ک و هەم حێزبی دێموکراتی کوردستان لایەنی ئەقڵ و بیرمەندیی خۆی پاراستبوو،

بۆیە لە گەڵ تاران وەک پایتەختی ئێران پەیوەندی سیاسی هەبوو، لە گەڵ دەوڵەتی ئێران گفتگۆ وبیرورِا گۆرِینەوەی هەبوو، سیاسەتەکانی کۆماری کوردستانی بۆ ئێرانیەکان رِوون دەکردەوە.
لە کۆتاییدا لە ٢ی رِێبەندانی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆرِەپانی چوراچرای مەهاباد بەسەرهەموو بارگرانی و کەندوکۆسپەکانی سەر رِێگەیدا و لە گەڵ بەشداربوونی نوێنەرانی چوارپارچەی کوردستان کۆماری کوردستانی رِاگەیاند و لاپەرِەیەکی نوێی لە مێژووی خەبات و بزاڤی رِزگاریخوازانەی گەلی کورد و فەرهەنگی کوردایەتی مۆدێرندا هەڵدایەوە و بە هەموو جیهانی نواند کە کورد خاوەنی ئیرادەیە و دەیەوێ و دەتوانێ هاوسەنگی بۆخۆی و ناوچەکە بپارێزێ بەو مەرجەی پشت گوێ نەخرێ و بە گەلە کۆمەکی و فێڵ و تەڵەکە لە گەڵی هەڵسوکەوت نەکرێ.
هەرچی بێ ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی دەستپێکی چیرۆکێکی ئاڵۆزوسەیری سیاسییە کە دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ کورد هەبوو هەرچەندە بە خوێنی سووری سەرۆک کۆماری کوردستان لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا رِەنگین کرا.

**لە ژمارە ٦٦٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

# حزبی دێموکراتی کوردستان و مافی ئایین و ئایینزاکان

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٢-٠٨-٢٠١٥

لە کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارەی ٧٩ی ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی گەلاوێژ ١٣٢٥ی هەتاوی‌دا بابەتێک لەژێر ناو نیشانی؛ «مبارزەی ئازادی و دێموکراسی ئێمە پێی لە پێنجەمین ساڵی خۆی ناوە« بڵاو دەبێتەوە و نووسەر (سید محمد حمیدی) نووسیویەتی: بۆ یەکەم جارئێمە لە دوای چوارساڵ بەربەرەکانی لە ڕێگەی ئازادی و دێموکراسی و لەگەڵ هەزاران گرێپوچکە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مادی و مەعنەوی، ئەوڕۆ بە ئاشکرا و لە ئەوپەڕی هێزدا و لە کاتێکـدا هێزی چەکدارمان دامەزراندوە هەزاران پێشمەرگەمان لە سنووری کوردستان‌دا بۆ پاسەوانی داناوە و بە حاڵەتێکی ئازاد و سەربەست ڕۆژنامە و گۆڤاری (نەتەوەیی- ملی) خۆمان بە دنیا دا بڵاو دەکەینەوە و ... دەرکەیەکی هومێدمان بۆ دواڕۆژ بە ڕووی گەلی کورددا کردۆتەوە.

خەسڵەتی دێموکراتیک بوونی کۆماری کوردستان بە گێڕانەوەی دەسکەوتەکانی پێنج ساڵەی درووستبوونی ڕێکخراوەی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ-ک» لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی‌دا هەتا دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی و بەرپا بوونی کۆمار لە 2ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ‌دا لەم دێڕانەی نووسەری بابەتی باسکراودا دەدرەوشێتەوە و نووسەر لەوپەڕی شادومانی و هیواداری‌دا باسی کرانەوەی دەرگای ئومێد بۆ دواڕۆژی گەلی کورد دەکات...

پیاهەڵگوتن بە کۆماری کوردستان بۆ «کورد» چ بە واتای تاک و چ بە واتای «کۆ» بۆ ئەزمونێکی سیاسی و فەرمانڕەوایی لە بەشێکی جیهان کە ناوەندی ئاژاوە و شەڕ و پێکدادانەکانی مێژوو بووە و لە

هەمان کاتدا پێگەی شارستانیەتە کەونارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە کاتێ مانادار دەبێ و لە عەیبەی»ئافەرەم کردنی خۆ» دوور دەبێتەوە ئەگەر چاوێک بە ئێستای وڵاتانی دەوروبەری کۆماری ئەوکاتەی کوردستان لە موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەردەمی کۆمار لە ١٩٤٦ی زایینیدا دەخشێنین و ڕەوشی ئاوەژۆکراوی ژیان و ئازادی و ڕێز و کەرامەت و شەرافەتی مرۆڤەکان دەبینین.

ئێستاش لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیە و سوریا و ... مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لە ئازاری دەست و زمان و کردەوەی دەسەڵاتەکان ئاسوودە و ئارام نین. مرۆڤایەتی لەم وڵاتانەدا بە خێراییەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو بەرەو پاشەوە هەنگاو هەڵدەگرێ. سەربڕین و سووتاندنی مرۆڤ و دەست و پێ پەڕاندن و چاودەرهێنان و لووت و گوێ بڕین و دەربەدەرکردن و دەرکردن و تاڵان کردن و هەتک کردن و ژن و منداڵ ڕفاندن و بازرگانی کردن بە مرۆڤەکان و مادە هۆشبەرەکان و هەموو جۆر کەرەستەی کوشتن و پاکتاو کردن و زیندان کردن و پەتی سێدارە هەڵدان و نووسینی یاسای دژە مرۆڤ و بەکار هێنانیان و پشت گوێ خستنی ئەو یاساو ڕێسانەی کە بۆنی پشتگیری کردنی مافی مرۆڤەکانیان لێوە دێ و هەموو کردارە خراپەکان بە داخەوە وەک نەریتێکی گشتی ڕووی لەم وڵاتانە کردوە و بەداخەوە چونکە کورد دابەشکراوە و لە نێوان ئەم چوار دەوڵەتە دایە و بە شێکە لە کۆمەڵگەی ئەم وڵاتانە دەبێ بە ئاگری نەهامەتی و نەگبەتی ئەم وڵاتانەوە بسووتێ و هەرکات بیەوێ خۆی لە نەهامەتی ئەم کۆمەڵگە چەرخە ناوە ڕاستیانەوە (قرون وسطایی) دەربهێنێ بە هەزاران ئامرازی سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی سەرکوتی دەکەن! بەو پاساوەی نەخشەی ئەم وڵاتانە نەگۆڕن و نابێ هەڵبوەشێتەوە! چاکە لانی کەم دان بەوەدا دەنێن ئەم وڵاتانە لە شرکە و پرکەی شەڕوپەت پەتیەکان پێک هاتوون و بە شەڕ و مارەکە پێکەوە نووساون و لەیەک هەڵدوراون دەنا وڵاتێک ئەگەر یەکدەست و یەکپارچە و یەک فەرهەنگ بێ، یەک دڵ و یەکـزمان دەبێ، نەک تاوێ نە تاوێ دەستەیەک هەستنە سەرپێ و دەستەیەکی دیکە بچەوسێنن یان دەمکوتیان بکەن...

حزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ دا و لە کاتی دروست بوونیدا بیری لەوە دەکردەوە خۆی لە شێتحاڵی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی نەزانانەی دەوڵەتی ئێران ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی دەیزانی سەبەبکاری دواکەوتویی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان ڕفتاری نا هاوسەنگ و نەسازانەی دەوڵەتەکانی ئێرانە... سروشتی دەوڵەتە ئێرانییەکان هیچ کات نەیتوانی خۆی لەگەڵ ڕاستییەکانی دەوروبەری خۆی بگونجێنێ.

هەر لە کۆنەوە پەلهاوێژی و کودەتای ناوخۆ، سیستەمی کۆیلایەتی (بەردەداری)، دژایەتی ئایینی بە دەیان نموونە و بە گژدا کردنی ئایین و ئایینزاکان لە دژی یەکتر و خۆسەپاندن وەک ئایینی فەرمی هەرلە سەردەمی هخامنشی (هەخمینی)یەکانەوە هەتا ئەم چرکە ساتە سیاسەتی نەگۆڕی دەسەڵاتدارانی ئەم بەشە لە جیهانە.

بە پێچەوانەوە کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافیایی و فەرهەنگی لانکەی شارستانیەت و هونەر و پێکەوە ژیان و ئاسودەیی و حەوانەوە بووە. ئازایەتی کورد لە خۆڕاگری و نەبەزیدا بووە نەلە شەڕ فرۆشی و بەدفەڕیدا... هەربۆیە ئایینەکان چ ئەوانەی وەک ئایینی مێهرەوانی (میترائیسم) وا «پیرانی موغان» ڕێبەرایەتی یان دەکرد و ئایینی مەزدا کە زەردەشت سەرۆکایەتی دەکرد و لە خودی کوردستاندا سەریان هەڵدا بوو چ وەک ئایینەکانی مەندایی، مەسیحیەت و جوولەکە و دواتر ئیسلام بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە لە کوردستاندا حەوانەوەو لایەنگرەکانیان لە کەمترین حاڵەتی بارگرژیدا لە گوندوشارەکانی سەرتاسەری کوردستاندا پێکەوە دەژیان...

بۆ وێنە هەر ئێستا لە کرمانشان و مووسڵ و کەرکوک و ورمێ وهەولێر چەند جۆر ئایینی لە ناوەڕۆک دا دژبەیەک دەبینی بەڵام لایەنگرەکانیان پێکەوە لەو کۆمەڵگەدا دەژین و حەواونەتەوە... ئەمە شتێکی سەیر نیە، ناخ وڕۆح و سروشتی کوردستان و خەڵکەکەی خووی بەم ڕەوشە گرتەوە، ئەمە دیاردە نیە تاکوو سەرسووڕمان دروست بکات، بەڵکو هەرکات ئاڵۆزی و نەسازان ڕووی داوە کۆمەڵگەی کوردی تووشی سەرسووڕمان کردوە... کاتێ بە درێژایی مێژووی هەموو وڵاتان وەک ڕۆما، ئێران و مسر، یان ئەوروپای کۆن و مۆدێرن پاکتاو کردن یان سووکایەتی کردن بە ئایین و ئایینزاکان بەشێ لە داب و نەریتی کۆمەڵگەکان بووە شانازی بۆ خۆمانەوە دەکەین سەرەڕای هەموو نەهامەتەیەکان دەست و داوێنمان خاوێنە لەو کردارە دژە ئەخلاقیانە.

کاتێ دەبینین لە سەردەمی دەسەڵاتی هیتڵێر بەسەر نیوەی ئەوروپادا، شەش میلیۆن جوولەکە نیست و نابود دەکرێن شیاوی گێڕانەوە و ئافەرین کردنە جوولەکەکانی کوردستان بە دڵ و بە گیان لە خزمەتی بەرپابوونی کۆمار و گەشە کردنی ئەم دەسەڵاتە کوردیە دان. بۆ وێنە داودزادە نوێنەری جوولەکەکانی مەهاباد لە ڕۆژی 2ی ڕێبەندان‌دا لایەنگریی جوولەکەکانی کوردستان بۆ کۆمار بە فەرمی ڕادەگەیێنێ و ئەمەش تەنیا شاری مەهاباد ناگرێتەوە دیارە کوردانی جوولەکەی سەقز و بانە و بۆکانیش دەگرێتەوە

و فیداکاری ئەو خوشک وبرا کوردە جوولەکانەی ئێمە دەگاتە ڕادەی خۆ لە مەترسی خستنی وەک کاری نهێنی کردن بۆ کۆماری کوردستان (فعالیت تشکیلاتی) بەتایبەت لە سەقزوبانە کە لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دا بە گوێرەی «بڕیاری گڵۆڵان»کەوتبوونەوە دەستی دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران و دەزگای سەربازی ئەم وڵاتە لە ئەو پەڕی توند و تیژی و خراپەکاری‌دا هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی ئەم دوو شارە دەکرد...  بێهۆنیە کوردانی جوولەکەیان ئەرمەنیەکان لە مهاباد و لە شارەکانی دەوروبەر ئەوەندە بە لێبڕاوەیی و بە دڵسۆزی یەوە خزمەت بە کۆماری کوردستان دەکەن.کۆماری کوردستان کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەرپاکرابوو آبە ڕێڕەوی دارێژراوی ئەم حیزبەدا دەڕۆییشت و ئەم ڕێرەوە بریتی بوو لە یاسا بنەمایی یەکانی مرۆڤ کە لە هەمان ساڵدا لە کۆنفڕانسی»سانفرانسیسکۆ» لە ئەمریکا، وڵاتانی جیهان کاریان بۆ دەکرد بیکەن بە «جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ» و لە ڕێکخراوی تازە بەر پاکراوی «نەتەوە یەکگرتوەکان»دا وەک کۆڵەیەکی ئەخلاقی وبنەمایی جێگەی بۆ بکەنەوە.

کەواتە داڕێژەرانی یاسا و بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەڵکێکی ئاگەدار و پسپۆڕ و تیگەیشتوبوون وزانیاری‌یان لەسەر بارودۆخی جیهانی ئەو سەردەمە هەبووە و بنەماکانی دێمۆکراسییان ناسیوەتەوە وکەڵکیان لێ وەرگرتوە بۆ ئەوەی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆماری کوردستاندا بە کاری بهێنن. بۆ وێنە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژماری ٧٥ بەرواری یەکشەمە ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥،لە لاپەڕەی ٤ دا لە ژێر ناوی «ئاگاداری» دا هاتوە:

*لە ژێر داڵدەی حەزرەتی پێشەوای شکۆمەند و خۆشەویستی کوردستان و چاوەدێری وەزارەتی فەرهەنگ دا قوتابخانەیەک بۆ گوتنەوەی وانەی کوردی و هەروەها «عێبری» لە مەهاباد دروست بووە و دەبێ منداڵانی کوروکچ لەم قوتابخانە دا فێری خوێندن و نوسین بن و هەر کەس منداڵی خۆی نەهێنێ بۆ ناونووس کردن لە لایەن بنکەی پۆلیسەوە دستگیر دەکرێن و منداڵەکان دەخرێنە بەر خوێندن.*

*بەرپرسی قوتابخانەی عێبری: سلیمان داود زادە*

یان لە ئاگاداری یەکی دیکەدا و لە لاپەڕەی ٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بەرواری یەکشەمە ٦ی گەلاوێژی ١٣٢٥ دا، بەرێز»سەقەفی» قایم مەقام (فەرماندار)ی مهاباد، بەخەڵکی ئەم شارە و دەوروبەری ڕادەگەیەنێ:کۆماری کوردستان بڕیاری داوە ئەوئەرمەنیانەی(وا لە ساڵی ١٩١٥دا ولە

ئەرمەنی قڕانی باکوری کوردستان لە لایەن عوسمانیەکانەوە دەربەدەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراون) دەگەڕێنەوە بۆزێدی خۆیان هەرکەس لەگەڵ ئەواندا وردە حیساب ومامەلە وقەرزوقۆلەی هەیە بە جێی بگەیێنێ با لە کاتی ڕۆیشتنیاندا تووشی ڕاگیران نەبن...ئەمانە چەند نمونە لە هەڵسوکەوتی بەرپرسیارانەی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان بوو کە بەرنامەو بنەماکانی حیزبی دێموکڕاتی کورستانیان بە ڕێوە دەبرد و بەڕاستی شیاوی ڕێز و ئافەرین کردنن.ئێستا دوای ٧٠ ساڵ لەو ڕۆژە زێڕینانە، هەرچەند بە داخەوە کۆمار دوای یازدە مانگ لە بەرپا بوونی،ڕووخێنرا بەڵام نۆستالۆژیای ئەوسەردەمە بە گێڕانەوەیان خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە ڕاستیەکانی ژیانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەگێڕنەوە واز لە مرۆڤ ناهێنی و سەودای ئەوە لە خەیاڵ و ڕامانیدا دەکات ئاخۆ دیسانەوە ئەو ڕۆژانە دروست دەبنەوە؟!!

بێگومان وەڵام «ئەرێ»یە! بەڵام بە یەک مەرج : ئەویش متمانە بە خۆبوون و بڕوامند بوون بە ئازادی و دێموکڕاسی وهەروەها خۆشویستنی کۆماری کوردستان لە ڕێگەی پێبەندی بە بنەماکان و یاسا و ڕێساکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان .بژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان! پیرۆزبێ یادکردنەوەی ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

**لە ژمارە ٦٦٢ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

# ستراتیژی خۆڕاگری یان نەرمەزەبری ستراتیژیک

## ئازاد کەریمی

بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٤-٠٦-٢٠١٥

ماوەیەک پێش نووسینی ئەم دێرانە «عەلی شەمخانی» سکرتێری «ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران» لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا ولە کاتی شرۆڤەکردنی بارودۆخی ناوچەکەو وەرچەرخانە سیاسیەکانی جیهاندا گوتی: ئەمریکاییەکان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی ئێمە هان دەدەنو یاری دەدەری هەموو دوژمنانی یەکگرتووی ئێمەن بەڵام ئێران ناترسێت....! ئەم دوو دێڕەی شەمخانی دیارترین هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە زاری بەرپرسێکی باڵای ئەمنیەتی نەتەوەیی ئێرانەوە کە لە ناو کۆمەڵێ قسەوباسو هەڕەشەوخۆهەڵکێشانو هەروەها هەندێ قسەی خەڵکی ناسیاسی خۆی دەردەخا.

بەڵام سەرنجڕاکێشە بگوترێ دوای ئەم هەمووە پلاروپلانوپەلهاوێژییەی ژەنەراڵ شەمخانی لە دیمانەکەیدا باسی بابەتێکی هێنایە ئاراوە کە دەبێ هەڵوەستەی لە سەربکرێولەچەند ڕەهەندەوە شیمانەو شرۆڤەبکرێ.

شەمخانی باسی «ستراتیژی خۆڕاگرتن»ی کرد لە بەرانبەر ڕووداوەکانی دەوروبەری ئێراندا. وەک ئەوەی لە عێراق، سووریاویەمەن وچەند وڵاتیکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەبرێ، سیاسەتی جیهانی تووشی وەرچەرخان کردوە، بۆوێنە پرسی ڕێکخراوی»داعش»و پەرەسەندنەکانی لە عێراقوسوریا ومەترسی ئەم ڕێکخراوە بۆسەرئێران وەک وڵاتێ کە پشتیوانی لە دەوڵەتانی دژە داعشی وەک عێراق و سووریادەکا. لە بەر ئەوەی لەم دوو وڵاتەدا شیعەکان خاوەن دەسەڵاتنو ئێران وەک خۆێ ئەڵێ میراتگەری شیعەی ڕاستەقینەیە بە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانێ پشتیوانی لە هەموو شیعەکانی جیهان بکاتو یارمەتی کردنی دەوڵەتانی ناوبراو وەک ئەرکێکی ئایینیو بنەڕەتیە بۆ کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەوەی دژبە ڕێکخراوی داعش شەڕدەکەنو داعش گرووپێکی سوننە مەزهەبی بناژۆیەو ڕکابەریو شەڕی نێوان شیعەو سوننی لە چەند سەدە پێش ئێستاوە دەستی پێ

کردوەو ئەم شەڕە عەقیدەتیە ئێستا لە لووتکەی تێکهەڵچوونو بارگرژیدایە. ئێران بە خۆیو بەرەی شیعە دەڵێ « هێڵی بەرگری» واتە شیعە لە حاڵەتی بەرگریکردن لە خۆیدایەو ئەمریکا کە وڵاتێکی گەورەی کریستیانەوولاتە عەرەبیەکان کە سوننی مەزهەبنو ئیسرائیل کە وڵاتێکی جوولەکەیەو بە گشتی هەموو جیهان هێرشیان کردوەتە سەر بەرەی شیعەو ئێران ،هەربۆیە ئێرانو هێڵی بەرگری شایەنی ئەوەیە پارێزگاری لە خۆی بکات.

بەهەرحاڵ هێڵی بەرگری بە سەرۆکایەتی ئێران وەک لە قسەکانی شەمخانی دەردەکەوێت بۆی هەیە بۆ بەرگری کردن لە خۆی دەست بداتە هەموو کارێکی مەشروع ونامشروع (ڕەوا- ناڕەوا) و بەزاندنی هەموو سنوورە ئەخلاقییەکان تەنانەت ئەگەرکوژرانی ٣٠٠ هەزار کەسی مەدەنی لە سووریا لێ بکەوێتەوە ولە عێراقدا کوشتاروناسەقامگیری وشەڕی تایفەیی بەرپا بکرێ لە یەمەن ژیانی خەڵک تێک بچێت ویان لوبنان کاول بکرێو پرۆژەی دەوڵەتی فەلەستین لە تەنیشت دەوڵەتی ئیسرائیل لە بار ببردرێو تەنانەت بیهەوێ بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات بۆ هەڕەشە لە جیهان.هەموو ئەوانە لە ڕوانگەی شەمخانییەوە بۆ پاراستنی هیلالی شیعە ڕەوایە. شەمخانی کاتێ باسی ستراتیژی سەبرو خۆڕاگرتن دەکات کە دەوڵەتەکەی خۆی هەموو هێڵە دیاری کراوەکانی یاسا مرۆڤیەکانی تێپەڕاندوەو لە هەموو کەتنو پیلانگێڕیو بێ پەیمانی یەک خۆی نابوێرێ.

تیمسار شەمخانی دەڵێ «هێڵی بەرگری» لە هەموو لایێکەوە بەرەوڕووی دوژمنان بۆتەوەو وڵاتانی عەرەبی گرووپە سەلەفیە سوننییەکان دژبە کۆماری ئیسلامی هان ئەدەن. دیارە توندوتیژی پاساوی نیە، بەڵام دروست بوونی سەلەفیو ڕێکخراوی داعشو ئەوڕادیکاڵیزمەی لە جیهانی سوننیدا هاتوەتە ئاراوە دەتوانین بڵێین لە ئاکامی سیاسەتی مەترسیداری « صدور انقلاب»ی خومەینیو کۆمارە شیعە مەزهەبەکەی ئەودا هاتنە گۆڕێ... کاتێ زانکۆی «المستنصریە» لە بەغدا تەقێندرایەوەو شەڕی ئێرانو عێراق دەستی پێکردو کاتێ «ساف» ویستی لە گەڵ ئیسرائیل پێک بێت و دەوڵەت ڕابگەیەنێت، ڕێکخراوی جیهاد ئێسلامی دروست کرانو «اسماعیل هنیەو خالد مشعل دژبە ئامانجی فەلەستین هان دران.

کاتێ ئیسرائیل لە لوبنان کشایەوە «حزب‌الله»ی لوبنان کەوتە هەڵگیرساندنی شەڕومالکاول بوونی لوبنانی لێکەوتەوەو کاتێ بەهاری عەرەبی هاتە ئاراوەو سووریا لە لێواری میوانداری کردنی شۆڕشی بەهاری عەرەبیدا بوو، بەشار ئەسەد هان درا وەک سەردارێکی خوێنخوری کلاسیک سواری ئەسپی

سەرکەشی ملهوڕی ببیٚو دەست لە پاکــو پیس نەپارێزیٚو نیشتمانەکەی خۆی بکا بە گۆلاوی خوێن... هەروەها دنەدانی گرووپی حوسی لە یەمەنو ئاژاوەگێڕی لە ناوچەی دەریای سووردا.

ئەوەی دیارە کۆماری ئیسلامی خۆی خستوەتە بازنەیەکی ئاگرینی سیاسەتە ئالۆزەکەی خۆیەوەو بە هۆی ئەوەی وەک تۆپێکی ئاگرین وایەو ڕوو لە هەرکویٚ دەکات دەیسووتێنیٚ، هەمووکەس خۆی لیٚ دەپارێزی... بەڵام ئەم تۆپە ئاگرینە هەتا ماوەیەکی دیاری کراو لە مەودایێکی دیاری کراودا بۆی هەیە خۆی هەڵسووڕێنیٚو نمایشتی هێزی خۆی بکات. لەبەر ئەوەی وزەو خۆڕاگرتنی جیهانیش ڕادەیەکی دیاری کراوی هەیە. هەربۆیە بەربەستی بۆ دروست دەکەنو ڕایدەگرن

.

کۆماری ئیسلامی لە زاری شەمخانییەوە باسی ئۆپۆزیسیونی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکاتو بە «ئەوانەی وا بۆسە و کەمین بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنێن» ناویان دەبات. ئەوەی دیارە ئۆپۆزسێیونی کوردی ڕۆژهەلات ڕۆڵەی ئاوخاکــو بنەماڵەکانی خۆیانو ڕیشەو ڕەگەزو خوێنیان هی وڵاتی ڕۆژهەلاتی کوردستانەو ئەگەربە زۆر دەرکرابێتن یان ڕێگەی بە جێهێشتنی زێد وخاک و نیشتمانو بنەماڵەی خۆیان گرتبێتە بەر، بە زەبرو زەنگی ئەو دەوڵەتە فاشیستە مەجبوورکراون بڕۆن و ڕێگەی پارێزگاری لە بایەخە مرۆییەکان و کوردایەتی بگرنە بەر... هیچ پاساوێک بۆ داگیرکردنی کوردستان ڕەوا نیە و هیچ ویژدان و بیرو ئەقڵیەتێکی دروست ئەمە قەبووڵ ناکات خەڵکی بێگانە بە پلانگێڕی و خەیانەت و جبەخانە و فڕۆکە و تۆپو تانک و هێزی چەکداری سەدان هەزار کەسی، خاکــو دارو بەرد و ئاسمان و سامان و سروشت و مێژووی وڵاتێکی دیکە داگیربکات و بە سیاسەتی «پاڵەپەستۆ» و «ڕاوەدوونان» و «بوغزاندن و تاساندن»، خەڵکی ئەو وڵاتە دەربەدەر بکات، پاشان لە شیعەکانی لوبنان و ... خەڵکی بەکرێگیراو بکرێت و پاسپۆرتیان بۆ دروست بکات و لە ئەڵمان و ئۆتریش و فەڕەنسا، سەرۆک و سەرکردەکانی ئەو وڵاتە داگیرکراوە تێرۆر بکات و پاشان بە هەزاران هەزار دۆلارباج و «دەمبەستانە» بە خەڵکی کاربەدەستی ئەو دەوڵەتانە بدات تاکوو باسی ئەم تێرۆرانە نەدرکێندرێن!

شەمخانی بە ئەدبیاتی دارستان قسە دەکات و دەڵێت حزبە کوردیەکان لە کەمیندان. مرۆڤ پێکەنین دایدەگرێت کاتیٚ بیردەکاتەوە کۆماری ئیسلامی خۆی وەک دڕندەیەک دەبینیٚ وا بەرخێکی نازداری بە قەپاڵ گرتوە و هێچکویٚ شک نابات بیخوات، لە بەر ئەوەی بە دزیەتی و بەدخوویی هاتوە لە مێگەلی

خەڵکی داوەو لە گیانی خۆی دەترسێ نەکا کەسی لە خۆی بە هێزتر پەیدا بێتو بەرخەکە لە چنگی دەربێنێ. کەشی مالیخولیای هزری سیاسەتمەدارانی ئێران بەردەوام باسی «کەمین»و «پیلانگێڕی»و «لە ناکاوبەسەردادان»و ئەم چەمکە ڕەشبینانە دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە خۆیان بە کەمیندانانو دروست کردنی کەندو کۆسپ بۆ هەموو جیهان دەیانەوی ژیان ببەنە سەرو پارەی نەوتو مافیا جۆراوجۆرە کانیان لە بانکەکانی سویسو ... کەڵەکە بکەن و بیکەن بە خەڵاتی تێرۆریسمی دەوڵەتی. لە کۆتاییدا با بگوترێ کوردستان مێژووی سەربەخۆی دیارو تۆمارکراوی خۆی هەیەو دەیان هۆکار بە نەزانکاریو خۆبە کەم زانینی هەندێ لایەنی کورد لە سەدەکانی پێشووداو دەستوەردانی یەک،دوو زلهێزی ئەوروپایی کلاسیک لە کاردا بوون تاکوو گەلی کورد لە سەربەخۆ بوون بێ بەش بکرێ. ئەوەندەش دیارە مێژووی کوردو فەرهەنگی نەتەوەیی کورد ئەوەندە ڕەسەنو تۆکمەیە هەتا کۆشش بکرێ بۆ وردکردنو بچووک کردنەوەی، زیاتر خۆدەگرێو خۆی دەپارێزی. جا ئەگەروانەبوایە لە پاش ئەو هەموو کوشتوبڕ وتێرۆرانەی سەرانو سەرکردەکانی حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حێزبی دێموکراتی کوردستان، ژەنەراڵ شەمخانی بە خشکە و ناڕاستەوخۆ لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنیدا بە هەموو ئێرانیەکانی ڕانەدەگەیاند حیزبەکانی کوردستان بە تەمای گەڕانەوەن بۆ زێدی خۆیان...

گەڕانەوەی حیزبەکان بۆ ناوخاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافی سروشتیو هەتاهەتایی ئەوانەو هیچ هێزێکی مادیو مەعنەوی بە هیچ پاساوێکەوە ناتوانێ ئەو مافە لە ئەندامانو لایەنگرانو پێشمەرگەکانی سەربەو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیانە بگرێتو هەرهەنگاوێ لەو چەشنە، تێرۆریسمێکی ئاشکراو جێنۆسایدێکی مەعنەویو پاکتاوکردنی گرووپە کوردیەکانەو دەچێتە خانەی «جنایت جنگی» یان کەتن لە شەڕدا دژیمرۆڤایەتی.

تیمسارشەمخانی دان بە هەبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەنێتو وەک هێزێکی هێرشکار ناویان دەباتو ئەوەش پڕۆپاگەندەی سی وچەند ساڵەی ئەوان پووچەڵ دەکاتەوە وا دەیانگوت ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ناوچووە و خەڵکی موسڵمانی کوردستان لە ئێراندا، لایەنگری ڕێژیمن ئەگەر وایە کوشتنی ڕۆڵەکانی هەمان خەڵکی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چ واتایەکی هەیە؟

دیسان ڕاشکاوانه پێویسته بگوترێ: دۆزی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان دانه‌خراوه‌و به دانه‌خراوی ده‌مێنێته‌وه، ژه‌نه‌ڕاڵ شه‌مخانیش ئه‌م ڕاستیه‌ی دووپات کرده‌وه...!

**له ژماره ٦٥٨ ی ڕۆژنامه‌ی "كوردستان"دا بڵاو بۆته‌وه**

# بەبۆنەی ٣٥ ساڵەی ڕادیۆدەنگی کوردستان

## ئازاد کەریمی

بەرواری بڵاوکردنەوە ١٧-٠٦-٢٠١٥

شۆرشی کوردوکوردستان منە تداری هەندێ دیاردە ی رۆژئاوایی یە. لەوانە کەرەستەی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە، بێتەل، ئینتێرنێت و ساتێلایت...

ڕۆژاوا لە سەدەی هەڤدە بەدواوە بوو بە کانگەی داهێنان وتەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و فەرهەنگی کەڵک وەرگرتن لەڕاگەیاندن یان(مەسمیدیا)لەجیهانی پەیوەندیە مرۆڤانیەکان دابووە. خەسڵەتی کۆڵونیالیستی وڵاتانی زێدەخوازی وەک بریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، ئەڵمان ودواترئەمریکا پێویستی بە پڕۆپاگەندە وهەروەها گەیاندنی زانیاری بۆ چوار گۆشەی دنیا بوو.

گواستنەوەی دەیتاوزانیاری وهەواڵ، هەوەجەی بە کەرستەی خێرا و کەمخەرج و بەسوود بوو،هەربۆیە تێکنۆلۆژیای مۆدیرن هاتە خزمەتی سیاسەت وپەرە پێدانی فەرهەنگی وڵاتانی زلهێزبۆ مانەوەیان لە گۆڕەپانی ململانێی بەدەستهێنانی ماکەخاوەکان و هەروەها هەناردەکردنی کەلوپەلی بازاڕ لە شوێنەکانی دیکەی جیهان.بۆ وێنە:ڕادیۆ،تێلێگراف وتێلێفۆن ودواتر بێتەل وتێلێڤیزیۆن و ئێستاش ئینتێرنێت وساتێلایت دەوری سەرەکی دەگێڕن لە گواستنەوەی پەیام و قسەوباس بە شێوازی جۆراوجۆر.

لە ساڵی ١٨٩٩دا،ڕادیۆ هاتە بازاڕەوە ولە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی گەورەی جیهان ی لە بواری ڕووتێکردن وڕاکێشانی جەماوەری گوێگرەوە هێنایە سەرهێڵی ئامانجی خۆیەوە.. لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ڕادیۆ ڕووی کردە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەچەند پایتەختی وەک قاهێرە،ئەستەمبۆڵ،بەغداوتاران،ئێزگەی ڕادیۆیی دامەزرا.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا،دەوڵەتی کوردستان بڕیاریدا بە کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆ لە مەهابادی پایتەخت دا.تەمەنی ڕادیۆی کوردی مەهاباد لەگەڵ کۆتایی هاتنی خەمباربەڵام قارەمانانەی کۆماری کوردستان دوایی هات.

له ساڵی ١٩٧٩دا ئەو کەسەی وا کۆماری کوردستانی ڕووخاند بە چاوی فرمێسکبار وڵاتەکەی خۆی بەجێهێشت و کۆتایی بە دەوڵەتەکەی هات. ئەو کەسانەی وا لە کۆماری کوردستاندا ئەرکیان بینیبوو یا شەهید ببوون یان لە تاراوگەدا بوون و یان لە زینداندا ساڵانێکی زۆریان تێپەڕ کردبوو. لەگەڵ ئەواندا نەسڵێک پێگەیشتبوون کە بە منداڵی شایەتی بەرپابوون و لەناوچوونی کۆمار بوون.

ئەوان بڕیاریان دابوو درێژە بە ڕێبازی پیرۆزی کۆماری کوردستان بدەن، هەر بۆیە خۆیان لە بواری سیاسی و کولتوریدا پێگەیاند و چاوەڕوانی دەرفەتێک بوون کۆمارێکی نوێی کوردستان بەرپا بکەنەوە و ئەم دەرفەتە لە ١٩٧٩ واتە ١٣٥٧ی هەتاوی هاتە ئاراوە هەرچەند تاج و تەختی شاهەنشایی تێک ڕووخا بەڵام بەداخەوە کۆماری سێدارە وسەربڕین وماڵوێرانی بەرپا کرا و ئەو کۆمارە ئیسلامیە لە یەکەم هەنگاودا پەلاماری کورداستانیدا وپەنجە دۆزەخیەکانی بە خوێنی خەڵکی کوردستان سوور کرد.

بەداخەوە جیهان لە زۆربەی کردارە دزێوە نگریسەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئاگادارنەبوو، هەروەها(شۆرشی کوردی) لە بواری کەرەستەی ڕاگەیاندندا لاواز بوو.

بەڵام حێزبی دێموکراتی کوردستان وەک پارتی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤ی هەتاویدابڕیاری بە کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆدا و بە خۆشییەوە ئەم بڕیارە بەجێ وژیرانە لە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆداو لە ٣٥ ساڵ پێش ئێستادا بوو بە کردار و بۆ یەکەم جارپرۆگرامەکانی ڕادیۆدەنگی کوردستان وەک یەکەم ڕادیۆی شۆرشی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی ڕادیۆ لە کوێستانی"لەندی شێخان" لە مەڵبەندی "مەنگوڕایەتی" سەربە"مەهاباد"ەوە بڵاو کرایەوە.

گرنگی دامەزراندنی ڕادیۆی شۆرشی کوردی لەو سەردەمەدا لەوەدابوو لە کاتێکی هەستیاروگونجاودا درووست کرا لەبەر ئەوەی ڕێژیمی ئێران پەلامارێکی دژوارو ماڵوێرانکەری ئاراستەی ڕۆژهەلاتی کوردستان کردبوو،هەروەها سیاسەتی(پەردەی ئاسنین)ی خستبووە سەر ڕەوشی ئاڵۆزاوی کوردستان و نەیدەهێشت هیچ جۆرە هەواڵ و باس و زانیارییەک سەبارەت بە شەڕی کوردستان بگاتە گوێی ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان و جیهان بە گشتی، بەڵام ڕادیۆدەنگی کوردستان تابووی خەبەری و سانسۆڕی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی شکاند و دەنگی شۆرشی پیرۆزی کوردستانی گەیاندە گوێی خەڵکی ئێران وجیهان و ئەم پەیامەی ڕاشکاوانە گەیاند:

کوردی ڕۆژهەڵات زیندووە و شۆرشی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خەریکی خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیەتی بۆ مانەوەی لە گۆڕەپانی فەرهەنگی سیاسی و جوغرافیایی دنیادا.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان ئامانجەکانی خەباتی چەکداری لە پێناو ڕزگارکردنی خاکی نیشتمان و گەلی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەگەیاندە گوێی گوێگرانی خۆی.دەنگی کوردستان دەنگی خەڵکی کوردستان بوو لەبەر ئەوەی قسەی دڵی ئەوانی دەکردو ئاوێنەیەک بوو بۆ وێناکردنی ئاواتە سەرکوتکراوەکانی گەلی ستەمدیدەی کورد.

ئەو گەلەی وا ڕۆڵەی میدیا وکەیخەسرەو بوولە جامی"جیهان وێنا"ی کەیخسرەوی واتە ڕادیۆ دەنگی کوردستاندا، ڕابردوو هەروەها ئێستای خۆی شرۆڤە دەکردو خەریکی بیر کردنەوە و ڕامان دەبوو بۆ داهاتوو...ئەوەش کلیلی مەتەڵی مانەوەی ڕادیۆ کوردستان بوو لە گۆڕەپانی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی دا. لە کۆتاییدا بە پێویست دەزانرێ یادێ لە ڕەوانشاد" ئەندازیارخەیاتی" بکەین کە بۆ درووست کردنی یەکەم ڕادیۆ، کەڵکی لە بیسیمێکی کارکردوو وەرگرت.

جێی خۆیەتی شەهید"سەرگورد عەباسی" لە بیر نەبەینەوە کە بە ناساندن و هێنانی موهەندس "خەیاتی" بۆ شۆرش خزمەتێکی شایانی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد.شایانی باسە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بە سێ زمانی کوردی ،فارسی و تورکی پرۆگرامی بڵاو دەکردەوە.

وەک یادکردنەوەی یەکەم بەڕێوەبەران و کادرەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان پێویستە باسی بەڕێزان حسێن ڕەهبەر، مەنسوورخوسرەوی و خەسرەو کاشانی وەک کارمەندانی بەشی ئەندازیاریی دەنگ بکەین کە خزمەتی شۆڕشیان دەکرد. هەروەها بێژەرەکان لە بەشی کوردیدا بریتی بوون لەڕەوانشاد تەها عەتیقی و بەڕێزان خەجێ مەعزوور و ئەحمەد شێربەگی.

ئەونووسەرانەش وا خەریکی شرۆڤەی سیاسی بوون و ووتارەکانیان بڵاو دەکرایەوە ئەندامانی پایەبەرزی حێزب بوون بۆ وێنە شەهیدان د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، ڕەوانشاد کەریم حیسامی و بەڕێزان: عەبدوڵا حەسەنزادە، هاشم کەریمی، فەتاح کاویان و مستەفا شەڵماشی.

لەم سەردەمەدا ڕادیۆ دەنگی کوردستان وەک زۆربەی ئێزگە ڕادیۆییەکانی جیهان لەگەڵ سیستەمی دیجیتاڵ ڕیکخراوە و لە ڕێگەی ساتیلایتیشەوە بڵاو دەبێتەوە...... ئەوەی دیارە ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕادیۆی شۆرشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو،هەر چەندە بە هۆی شەڕ و

پەلامارەکانی هێزەکانی کوماری ئیسلامی بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان جێ گۆڕکێی کردووە بەڵام ڕەگ و ڕیشەی لە ناو ناخ و ویژدانی هەزاران هەزار کوردی وڵات پارێزدایە و خەونی ئەوە دەبینێ کە بنکەکەی لە مەهابادی پایتەختی کۆمار یان ورمێی سمکۆ یان سنەی ئاردەڵان و کرماشانی فەرهادی ئاشق دا بەرپا بکاتەوە ....بە هیوای ئەو ڕۆژە ئەو ئاواتە پیرۆزە ببێ بە ڕاستییێکی شیرین...

**تێبینی: ئەم بابەتەم کرا بە ڕاپۆرت و لە کورد کاناڵەوە بڵاو کراوە. دەفتەر سیاسی حزبی دێموکرات زۆر شانازی بەم بابەتەوە کرد و ئەم فایلە پاشان خرا سەر یوتیوب بەڵام دوای ئەوەی من هاتم بۆ نۆرویژ، خەجێ مەعزور کردبووی بە نوکەنوک و برێ هەیت و هوتی نووسیبوو بە دەنگی خۆی تۆماری کردبوو خستیانە جێی ئەو بابەتەی من و یوتیوبەکەشیان شرت و ون کرد!**

# خوێندنەوەی بزووتنەوەی ڕیفۆرم لە ئێران بۆ دۆزی کورد

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاو کردنەوە ٠٦-٠٦-٢٠١٥

ڕۆژی دووی جۆزەردانی ساڵی١٣٧٦ (٢ خرداد)ی هەتاوی ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕەوتی سیاسیو هەروەها بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

لەو ڕۆژەدا بە بۆنەی دەوری شەشەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ئێران خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە بنکەکانی دەنگدان کردو دەرهاتەی سندوقەکانی دەنگدەران سەرۆک کۆماربوونی «محەمەد خاتەمی» لێکەوتەوە.

خاتەمی وەزیری پێشووتری وەزارەتی " فەرهەنگ و ڕێنوێنی ئیسلامی" لە سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانی بووکە ئێستا دوای هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری کورسیەکەی بۆ یەکێ لە دوو ڕکابەری سەرەکی هەڵبژاردنەکان لە دووباڵی سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی واتە بناژۆخوازەکانو لایەنگرانی ڕێچکەی خومەینی ( پیروخط امام) بە جێدەهێشت.

بەربژاری یەکەم «ناطق نوری»و بەربژاری لایەنگرانی رێچکەی خومەینی، محەممەد خاتەمی بوو، چارەنووس ئاوڕی لە خاتەمی دایەوەو بەهۆی ئەوەی لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو عێراقو

مردنی خومەینی لە ساڵی١٩٨٩ بەدواوە، ڕەفسەنجانی بۆ هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری ئێران بوو، هەندێ ئابلۆقەو گەمارۆی ئابووریو سیاسی کە لە ١٩٧٩ بە دواوەو بەهۆی بارمتەگرتنی دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژاواوە بەگشتی خرابووە سەر ئێران هەڵگرێو جیهانی ئازادو ئەورووپا هەندێ دەلاقەی بە ڕوودا بکەنەوە.

بەڵام لەسەردەمی ڕەفسەنجانیدا چەند تیرۆری سیاسی لە ئۆپۆزیسیۆنی دژە حکوومەتی ئێران لە دەرەوەی ئەم وڵاتەو لە ئەوروپادا کرا کە بە شێوازی جۆراوجۆر دیزە بە دەرخۆنە دەکران. بۆ وێنە تیرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەسایەتیی ناوداری کورد و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩٨٩و تیرۆرکردنی د. سەعید (صادق) شەرەفکەندی و چەند هاوڕێی حیزبی وەک بەڕیزان همایون خان سلطانی اردلان، کاک فتاح عبدلی لە "بێرلین" کە دواتر بە کەیسی «میکۆنوس» ناوبانگی دەرکرد و هەر ئەو پەروەندەش سیمای هەندێ چاکەوەبووی کۆماری ئیسلامیی سەردەمی ڕەفسەنجانی بە شێوازێکی بێوێنە ڕەش و ڕەهەندە کرد.

دۆزی میکۆنوس خاڵی وەرچەرخانی «پرسی کورد» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێراندا بوو.

دوای ٥ ساڵ لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون و جوامێرایەتی «داواکاری گشتی دادستان»ی بێرلین، سەرەڕای شانتاژو ترساندن و هەڕەشە و گوڕەشەی سیاسی لە لایەن کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئاڵمانەوە، دادگای فێدڕاڵی ئاڵمان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەک بڕیاردەری ڕاستەوخۆ و پاڵپشتی مادی و مەعنەوی سەرەکی تێرۆریستانی بکوژی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی سەرکۆنە و مەحکووم کرد، دوای دەرچوونی ئەم حوکمە دادوەرانەی دادگای ئاڵمان دژی کۆماری ئیسلامی عەلی خامنەیی، ئەکبەر ڕەفسەنجانی، عەلی فەلاحیان وچەند بەرپرسی ورد و درشتی کۆماری ئیسلامی بە تێرۆریستانی ئەم پەروەندە مەحکووم کران و بۆ لەقاودانەوەشی لەلایەن هەمان دادگاوە، بەرپرساریەتی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە خرایە ئەستۆی پۆلیسی نێونەتەوەییەوە (پلیس ئینتێرپول) بەوبڕیارەی کە لە هەر کوێی جیهان یەکێ لەم بەرپرسانەی ئێران دەرکەون دەستگیر بکرێن و بدرێنە دەستی دادگای بێرلین...

هەر بۆیە چەند هەفتەی پێش دەنگدانی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ ڕۆژانی ڕەش و ڕیسواو پڕ لە دڵەڕاوکێی کۆماری ئیسلامی بوو. لە لایێکی دیکەوە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆێ بەرپابوونی هەرێمی باشووری کوردستان لە لایەن ئەمریکا و ڕۆژاواوە لە ساڵی ١٩٩١ بە دواوە، بەرپرسانی ئێرانی تووشی سەرسام و دڵگرانیو ڕاڕایی کردبوو.

هەرچەندە باڵی بناژۆخواز واتە لایەنگرانی عەلی خامنەیی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە بزاڤێکی بێوێنەوە بۆ ئەوەی دەست بگرێ بە سەر کورسی سەرۆک کۆماریدا بەڵام لە کوتوپڕدا لایەنگرانی ڕەفسەنجانی کەوتنە باڵ و"محەمەد خاتەمی" یان وەک بەربژاری دەنگدانەکانی سەرۆک کۆماری ناساند. کاتێ محەمەد خاتەمی بە هێنانەوەی ٢٢ میلیۆن دەنگی دەنگدەران بوو بە سەرۆک کۆمار، کۆماری ئیسلامی لە ئەو پەڕی پەرتەوازەییو تەریک بوونی سیاسی- دیپلۆماتیکی خۆیدابوو.

بەهەرحاڵ محەمەد خاتەمی وەک سەرۆک کۆماری «دوورگەیەکی پەرتەوازە» لە جیهانی سیاسیدا بەرەوڕووی دەزگاییکی دیپلۆماسی وێران، کێشەی نەتەوەیی بێبڕانەوەی کورد بەتایبەتی وکێشە ئایینی ومەزهەبییەکان لە ئێران و هەروەها ئابووریێکی هەڵپەسێردراو، دراوێکی بێنرخ و سیاسەتێکی پڕلە ئاڵۆزیو پڕلە پرسیار لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆدا وزۆر بەربەستی دیکەی کۆنی سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانی و سەردەمی شەڕی ئێران- عێراقو چەند کێشەی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە ببوو...

کاتێ خاتەمی سەرکەوتنی بە دەست هێنا، سەرەڕای ئەوەی نیشان دەدرا بەرەیەکی یەکگرتووی ڕێفۆرمخواز لە ناو سیاسیکارانو کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی سەری هەڵداوەو نازناوی "بەرەی ٢ی جۆزەردان"ی پێ بەخشرا ، ڕووداوەکانی دوای دەسبەکاربوونی محەمەد خاتەمی ڕوییکی دیکەی سیمای بەرەی٢ی جۆزەردانی نیشانی جیهانی سیاسەت و کۆمەڵگای ناو ئێران دەدا.

بەرەی ٢ی جۆزەردان کە نازناوی «ڕیفۆرمخوازی» پێبەخشرا، بوو بە «لایەنگری ئابووری دەوڵەتی»و هەروەها ( پیروخط امام) دەناسران، کەسانێ بوون کە بە دیوارەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاراندا هەڵگەڕان و ٤٤ ڕۆژ دەیان دیپلۆماتی ئەمریکاییان بە بارمتە گرت.

هەرچەندە کەسانی دیکەی سەر بە لایەنەکانی دیکەی بیروهزری ناوکۆماری ئیسلامی خوێندکارەکانیان لەم بارمتە گرتنەدا بەشدار کرد بەڵام ئەوەی دیاربوو ئەم کارە بەناوی خوێندکارانی "پیرو خط امام" لەقاو درایەوەو ئەم کردارە هەڵە سیاسیەی ئەم گروپە دواتر لە ساڵی ١٣٧٦دا و کاتێ محەمەد خاتەمی وەک یەکێ لە ئەندامانی ئەم هێزە سیاسیيە بووبە سەرۆک کۆمار، بەرۆکی پێ گرتنو وەک خاڵێکی ڕەشی کارنامەی ئەم گروپە بەربەستی لەدەرەوە و ناوەوەی ئێران بۆدروست کردن. هەربۆیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو" بارمتە گرتنە" بیرۆکە یان تێزی "گوتوبێژی شارستانیەتەکان» لە لایەن ئەوانەوە وەک کارتێکی سیاسی بەهێزخرایە ئەجێندای سیاسی ئێرانەوە و دووئامانجی پێکا:

باسی فرە نەتەوەیی ئێران خرایە پەراوێزەوە، لە بەر ئەوەی ئێران وەک یەک شارستانیەتی قاییم و تۆکمە کە دوو توخمەی ئاریایی- ئیسلامی لەخۆدا گرتوە لە بەرانبەر شارستانیەتی ڕۆژاوادا ڕاوستاوە و خەریکی دانوستانی کولتوری وسیاسی و ئابووری دەبێ.

نوێنەرایەتی وڵاتێکی یەکدەست و یەکدەنگ و یەکگرتوو دەکات و لەوسۆنگەوە هەموو دەنگە نەتەوەییيەکان و مێژووی چەندین سەد ساڵەی شۆڕشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پەروەندەیەکی داخراو(مختومە) لە قەڵەم دەدرا و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شارۆمەندێکی ئێرانی بوون کە هەبوونیان بەشێک لە شارستانیەتی ئێران ئیسلامیدا ماناهەڵگرە کە ئەم شارستانیەتە ئێرانیە بڕیار وابوو لە گەڵ جیهانی کولتووری ڕۆژاواییدا بکەوێتە گوتوبێژ و دانوستاندنەوە. هەربۆیە کەسایەتی کورد لەم بارودۆخەدا لە "ملليەت" وا کورد بۆخۆی پێناسە کردبوو هەروەها لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا وەک "قومیت" ناوی لێنرابوو دەهاتە ئاستی شارۆمەندێکی ئاسایی ئێرانی کە هەموو بیروبۆچوونەکانی دەبا لە گەڵ پایتەختی ئیداری و کولتووری و سیاسی و دیپلۆماتیک و ئابووری وڵاتی ئێران واتە تاران (قلب تپندەی ایران) وەک خۆیان دەیانگوت ڕێک بخات.

هەر بۆیە ناسیوناسیونالیزمی نەتەوەی سەردەست بەناوی ئێرانی ئیسلامی و دێموکراسی ئیسلامی و مردم سالاری دینی، هەموو جیاوازیە نەتەوەیی، ئایینی ومەزهەبی یەکانی دەگووشی ولە تۆی خشتی دیواری گوتوبێژی شارستانیەتی ئێران لەگەڵ رۆژاوادا کپ و بێدەنگ دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە هەوڵێکی زۆر درا لە رێگەی دژایەتی کردنی کولتووری یونانی کەوناری سەردەمی «ئەسکەندەر»ی گەورەی مەقدوونی، پرسی شکۆی سەردەمی هەخمینیەکان (هەخامنشی) زەق وزیندووبکرێتەوە، بۆ وێنە دووهەفتە نامەی «درآستانەی فردا» کە لەکۆتاییی‌یەکانی دەسەڵاتداری ڕەفسەنجانی دا لە تاران چاپ وبڵاو دەکرایەوە بابەتی بە «درۆ خستنەوەی هێرشی ئەسکەندەری مەقدوونی» وەک ستراتژی دیاری رووناکبیرانی سەربە چاوگەی هزری وفکری «باڵی چەپ» وا بریتی بوو لە سێ لق (طیف چپ، راست، رادیکاڵ) و پێک هاتبوو لە ١٨ گروپ ورێکخراوی سیاسی کە (مجمع روحانیون مبارز) سەرۆکایەتی دەکرد، دەستنیشان و دیاردەکرد و دەیخستنەڕوو، لە ناو وتارنووسانی «درآستانەی فردا»دا چەند نووسەری کورد هەبوون و کاریان بۆ ئەم پرۆژە دەکرد.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم کارانە، دامەزرانی «ئێنستیتۆی کوردستان» لە جیاتی «ئینستیتۆی کورد» کە راستەوخۆ دژایەتی لەگەڵ چەمکی کورد وەک یەکەیەکی سەربەخۆی کولتووری لە جوگرافیای سیاسی جیهاندا دەکرد، هێمای دیاری پاوەنخوازی فەرهەنگی دەوڵەتی کۆماری ئیسلای ئێران بوو کە لە دەسپێکی هاتنیەوە دەستی دایە شەڕ و خوێنڕشتن و بەربەرەکانێ کردنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ... هەرچەندە ململانێ ناوخۆیی‌یەکانی بەرەی ریفۆرم هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری محەمەد خاتەمی وەک سەرۆک کۆمار ئەوانی لەبەرانبەر بەرەی ڕاست یان بناژۆخوازەکانی دەورو بەری عەلی خامنەیی وەک «هیئت موتلفە» و «جامعەی روحانیت مبارز» لاواز دەکرد و سەرۆک کۆماری سەربە لقی کلاسیکی ریفۆرم خوازەکان (طیف سنتی جناح چپ جبهەی دوم خرداد) شایەتحاڵی دەرکردن ولابردنی ناوداران وتیۆریسیەنەکانی لقەکانی دیکەی بەرەی ریفۆرمخوازی بوو وەک عبدالکریم سروش، اکبرگنجی، سعید حجاریان، شمس الواعظین، حشمت الله طبرزدی و...

بەڵام ئەوەی دیارە لە بەرنامەی کاری نەک سەرۆک کۆمار بەڵکوو لە ئەجێندای سیاسی بەرەی ٢ی جۆزەردان دا بە هەموو لق ولایەن وگروپەکانیەوە «دۆزی کورد» واتادار نەبوو. پرۆژەی ئەوان وردکردنەوەی پرسە نەتەوەیی یەکانی ئێران وهەڵوەراندنی سەنگ وکێشی بیری نەتەوایەتی ولابردنی بیرۆکەی قەبووڵ کردنی جیاوازیە کولتووریەکانی وڵاتی فرەنەتەوە وفرەکولتوری ئێران بوو هەروەها

به پێچەوانەوە پرۆژەی «مطالبات شهروندی» یان «داواکاریە شارۆمەندیەکان» یان هێنانە بەرباس و دۆزی «داخوازی نەتەوەیی» یان خستە پەراوێزەوە وبەنیشاندانی سیمای وڵاتێکی بەهێزویەکگرتوو (لەڕێگەی زەبر وزەنگ وسەرکوتکاری خەڵکی ناوخۆی ئێران)، بەرزکردنەوەی دروشمی «غرور ملی» و «سەربەخۆیی ملی» و دەیان بیرۆکەی مافیایی وەک لە ناوبردنی ئاسەوارە مێژوویی وکەونارەکان بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گەمارۆدانی پارت وحیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە رێگەی شانتاژ وئازاردانی مەعنەوی وسیاسی ئەوان ولایەنگرەکانیان وتەنانەت هەرکەسێ وا نەچێتە خانەی فیکریی ئەوانەوە هیچ دەرفەتێکی بۆ ئەو دەوڵەتە و ئەو بەرە سیاسییە کە دیسانەوە دوای هەشت ساڵ دابڕان لە دەسەڵات، دوبارە حوکمی دەوڵەت و کابینەی گرتۆتە دەست نەهێشتۆتەوە. بۆوێنە دانانی پۆستی «ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بۆکاروباری کەمایەتیە ئایینی ومەزهەبیەکان» وەک چەمکی «وەک هیچ وابێ» بووە.

لە لایەکی دیکەوە ئەوکوردانەی ناوپرۆسەی سیاسی ئێران بە گوێرەی جۆری بینینی خۆیان وخوێندنەوەیان لە بارودۆخی باڵەکانی دەسەڵات بەڕاست وچەپەوە، سەیری «دۆزی کورد» دەکەن.

بیرۆکەی کوردایەتی یان بڕوامەندی بە پڕۆژەی « پەرە پێدانی کۆلتووری وسیاسی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەنەتەوە بوون» لە ناو ئەوان دا لە بیرۆکەی «داواکاری یە شارومەندیەکانی دەوڵەتەکانی تێزی گوتوبێژی شارستانیەتەکانی بەرەی ۲ی جۆزەردان» دەدرێت وهیچی بۆ نامێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کوردانێک هەبوون فیداکارانە ویستوویانە ڕەوتەکە بە قازانجی ڕەوشی کورد هەتا ئەوەی یاسای ئێران ڕێگەیان پێدەدات بگۆڕن وبەداخەوە ئەوان لە ئەوپەڕی یاساتەوەری ئێرانیدا، ئەوکۆششەی کە پەیوەست بە دۆزی کوردبێ ئەنجامی دەدەن، بەڵام کردەی ئەوان دەبیتەوە بە «سفر» و هیچی لێ بەرهەم نەهاتوە.

هۆکارەکەشی سیستێمی یاسایی و سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بە باڵی راستەوەکە کارنامەیەکی ڕەشی لە دژایەتی کردنی دۆزی کورد دا هەیە و هەروەها باڵی چەپ بە بەرەی ۲ی جۆزەردانیشەوە کە بە هیچ جۆرێ سازان لە سەر پرسی کورد ناکەن و تەنانەت دژایەتی کردنی «کوردستان و کورد» بۆ ئەوان ستراتیژیە نە تاکتیک. بۆوێنە لە ساڵی ۲۰۱٤ دا ولە کاتێک دا هەرێمی کوردستان پرسی سەربەخۆیی خستە ڕوو، «جەواد زەریف» وەزیری دەرەوەی کابینەی سەرۆک کۆماری سەربە بەرەی 2ی جۆزەردان «حەسەن ڕۆحانی»، بە سەردانێکی فەرمی گەییشتە هەولێر وڕاشکاوانە دژایەتی خۆی لە گەڵ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

لاوازبوونی هەڵوێستی سیاسەتمەداران و چالاکانی مەدەنی سەر بەم بەرە بە کورد یان غەیرە کوردەوە سەبارەت بە پاوانخوازی و بۆنموونە جووڵانەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرسنوورەکانی کوردستان و کوشتنی کۆڵبەران وەیان کردەوەی ناشیرینی دیکەی دەرهەق بە گەلی کوردو کوردستان بەدزی وبە ئاشکرا، شک و گومانەکان سەبارەت بە نیازپاکی ئەم سیستیمە سیاسییە قاییمتر دەکات. بەڵام یەک شت ڕوونو ئاشکرایە: دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دانەخراوەو هەتا زمان، جل وبەرگ وخاک وئۆپۆزیسیۆنی کوردیو بیرۆکەی نەتەوایەتی وئازادی خاکی کوردستان لەجیهاندا هەبوونی هەبێ بە دانەخراوەیی دەمێنێتەوە.

**ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە**

# مەرگی کچەکوردێک دنیای لە ئێران هێنایە دەنگ

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠-٠٥-٢٠١٥

کەمتر لە دوو هەفتە پێش ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەی کچێکی مەهابادی بە ناوی فەریناز خۆسرەوانی بڵاوکرایەوەو ئەم هەواڵەش لەگەڵیدا هاوپێچکرابوو: فەریناز خۆسرەوانی کارمەندی هوتێل تارا لە مەهاباد لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلەکە کەوتوەتە خوارەوەو گیانی لە دەست داوە، هەروەها «نادرمەولودی» بەڕێوەبەری ئەم هۆتێلەش دەستی لە کوژرانی ئەم کچەدا هەیە و ویستویەتی بۆ وەرگرتنی « بڕوانامەی پێنج ئەستێرە» بۆ هۆتێلەکەی، بڕیاری داوە فەریناز بە مەبەستی چەوساندنەوە (سوء استفادە)ی سێکسی بدا بە بەرپرسێکی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئێران کە تورکێکی خەڵکی تەورێزە، بەڵام فەریناز ملی بەم سووکایەتییە نەداوە و بە ناچاری خۆی فڕەداوەتەخوارەوەو گیانی لە دەستداوە.

بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا کاردانەوەی توندی لێکەوتەوەو دەستبەجێ شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکانێکی زۆر بەدوای خۆیدا هێنا. هۆکاری سەرەکی ئەم دەنگدانەوە بەرچاوە بێجگە لە مردنی ئەو کچە کوردە بە شێوازێکی ناشیرین(خۆکوشتن یا کوشتن)، دەرکەوتنی کەسێکی غەیرە کوردی سەربە دەزگای هەواڵگری ئێرانی واتە « ادارەی اطلاعات» لە رووداوی مەرگی فەریناز خۆسرەوانی بوو.

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر بە شێوازی خۆڕسک و بێ ئەوەی لە لایەن کەس یان لایەنێکەوە پلانو نەخشەی بۆ داڕێژرابێ کاتیان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیو سەرکۆنەکردنی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە دیاری کردو قسەی خۆیان بردەسەرو بڕیاری کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕینیان بە کردوە ئەنجامدا. هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ڕژانە بەردەرکی «هۆتێل تارا»و هەموو دەوروبەری شوێنەکایان کۆنترۆڵ کرد و کاردانەوەی توندیان لە بەرانبەر تووڕە بوونی خەڵک نواند. دیارە هەتا ئەو کاتە لێدوانێک لە لایەن هیچ کاربەدەستێکی ئێرانیەوە بە ڕەسمیو غەیرەڕەسمی سەبارەت بەم بابەتە بڵاو نەکرایەوە وەک ئەوەی هیچ شتێک لە گۆڕێدا نیە.

کاتێ هێزە ئەمنیەتییەکان تەقەیان لە خەڵک کردو وێنەی برینداربوونی چەند کەس بە خێرایی لە فەیسبووکـو پێگە ئنتێرنێتیەکان بڵاو بوونەوە، شاڵاوێکی توندی تووڕەیی بەرپابوو و باسی ئەوە هاتە گۆڕێ شارەکانی دیکە بۆ دەربڕینی هەستی هاوخەمی بۆ کوژرانی فەرینازو بریندارەکانی بەردەم

هۆتێل تارا دێنە سەر شەقام، دەنگۆی ئەوە بڵاو کرایەوە گۆایە نووسینگەی سەرۆک کۆماری ئێران بڕیاری داوە بەرنگاری خۆپیشاندەران نەبنەوەو هێزە ئەمنییەکان تەقە لە خەڵک نەکەنو دواتر ئەوەش باسکرا ئەو هەواڵە ڕاست نیەو نووسینگەی حەسەن ڕووحانی ئەو بابەتەی بڵاو نەکردوەتەوە.
کوژرانی ئەو کچە گەنجە مەهابادیە لە ماوەیەکی زۆرکەمدا ڕووی نیگای هەموو جیهانی بەرەو ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە. ئەو چاوەی کە ماوەیەک بوو دەگوترا هیچ دیمەنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابینێ. دیسانەوە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتەوە ئەجێندادی سیاسی جیهان...

کۆماری ئیسلامی هەرچەندە " شۆک" بوو بەڵام بە گوێرەی ئەزموونی درێژخایەنی لە سەرکوتکاری بەتایبەت دژ بە کورد لە ئەوپەڕی دڵەڕاوکێو ترسدا هێزێکی یەکجار زۆری هەناردەی سنەو مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان کردو هەروەها بۆ وێنە بەرنامەیەکی چەواشەکارانەی بە پەلەی بە ناوی «ڕێزگرتن لە کوژراوانی کوردی سەر بە ڕژیم» کە لە فەرهەنگی جەماوەریو نوسراوەیی هەموو نەتەوەی کورددا بە «جاش» دەناسرێن ڕێکخستو ئەم کارناواڵە پێکەنیناویە وەرزشی‌یەی سازکردو ڕایگەیاند خەڵکی سەقز بە یادی «جاشە» کوژراوەکانەوە دەچن بۆ ڕێپێوان و شاخەوانی!

هەرچەندە لە سەردەشتو سنە و مەریوان خەڵک لە گەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان کەوتنە بەربەرەکانێیەوە بەڵام بارودۆخی کوردستان بە دژواری لە لایەن هێزە سەرکوتکەرە تایبەتییەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە کۆنترۆڵ کرا... سەرەڕای ئەم ڕووداوانە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی « بەیاننامە» یەکی ڕەسمی پشتگیری لە ڕاپەڕینەکەی مەهاباد کردو ڕووداوی مەرگەساتی خەمباری کوژرانی فەریناز خۆسرەوانی‌یان سەرکۆنە کردو داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەموو نەتەوەی کورد لە سێ بە شەکەی دیکەی «کوردستانی گەورە» کورد پشتگیری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاپەڕینەکەی مەهاباد بکەن. دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر حیزبو پارتە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان سەردانی بارگای حیزبی دێموکڕاتی کورستانیان کردو یەکریزیو یەک هەڵوێستی گەلی کوردیان لە چوار پارچەی کوردستان سەبارەت بە ڕووداوەکەی مەهابادو مەرگی گوماناوی کیژێکی مەهابادی ڕاگەیاندو داوایان لە کۆماری ئیسلامی کرد هەرچی زووترە وردەکارییەکانی ئەم مەرگە ساتەو هەروها سزادانی ئەو هێزانەی کە تەقەیان لە خەڵکی

بەردەرکی هۆتێل تارا کردوە بە کردەوە نیشان بدەن. هەروەها پشتگیری خۆیان لە خۆپیشاندرانی مەهابادو هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند...

لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی «لێبوردەیی نێونەتەوەیی» لە ڕاگەیاندراوێکدا داوای لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد ڕێز لە مافی خۆپیشاندەرانو نارەزایەتی دربڕینی ئاشتیخوازانە بگرنو ئەوەش دەڵێ: ئێمە بە بەڵگەنامەوە دەیسەلمێنین ئێران میژوویەکی درێژی لەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەران هەیە، بۆیە پێویستە کۆماری ئیسلامی ئێران لە جیاتی بە کارهێنانی هێز، لێژنەیەکی بێ لایەن بۆ لێکۆلینەوە لە ڕووداوەی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی پێک بهێنێ.

هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ڕای جیهانی هاتە دەنگو بە گشتی کەشێکی پڕ لە زەختو گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە چوار گۆشەی جیهانەوە بەشێوازێکی بێوێنە بە دواداچوونیان بۆ ڕووداوەکانی مەهابادو شرۆڤەی بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد. بۆ نموونە کاناڵە هەرە بەناو بانگەکانی «الجزیرە»، «المسقبل»، سکای نیوز، بی بی سی، کاناڵ 2ی ئیسرائیلو میدیاکانی تورکیاو سعودیو وڵاتانی دیکەی عەرەبیو چەند کاناڵی تەلەڤزیونی هەرێمی باشووری کوردستان شرۆڤەی کەشو هەوای ئاڵۆزاوی رۆژهەڵاتی کوردستانیان دەکرد.

بەهەرحاڵ هەرچەندە هەندێ رۆژنامەو بڵاوکراوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بابەتی «هۆتێل تارا»یان کرد بە مانشێتی خۆیان، بەڵام هۆتیل تاراو سوتاندنی، لە چاو گەورەیی کارەساتی کوژرانی کارمەندەکەی خۆی واتە فەریناز خوسرەوانی و بریندار بوونی چەند گەنجی دیکەی خۆ پیشاندەر هیچ نەبوە، هەروەها لە قاودانەوەی ئەم روداوانە لە لایەن گەلی کوردوە، سەرنجی ڕای جیهانی، بەرەو بابەتی هەستیاری نێونەتەوەیی دۆزی کورد لە پارچەیەکی زۆر گرینگ بۆ گەلی کوردو بۆ هەموو جیهان ڕاکێشا... ئەوەش «دۆسیەی رۆژهەڵاتی کوردستان»ە کە هەموو کات وەک «پاشنەی آشیل»ی ئێران وایەو ئەزموون نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کراوەیە و بەکراوەیی دەمێنێتەوە...

**ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە**

بەڕواری بڵاوکردنەوە ٠٦-٠٥-٢٠١٥

# ڕەگەزنامە و هەڵسەنگاندنێکی یاسایی- سیاسی

**ئازاد کەریمی**

بەڕواری بڵاوکردنەوە ٠٦-٠٥-٢٠١٥

یاسای نێونەتەوەیی بە شێوازێکی خێرا لە ئاڵۆگۆڕدایەو لەم دوایی‌یانەدا پێشەوەچونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. دیارە وەرچەرخانە سیاسی‌یە دەرەکی‌و ناخۆیی‌یەکانی وڵاتانی جیهان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشووی کۆمۆنیستی لەم بیست ساڵەی دوایی‌دا کاریگەری زۆربەرچاوی لە ئاستی ئاگاداری کۆمەڵایەتی، سیاسی وفەرهەنگی لە سەرچین وتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا داناوە، شەڕی ناوخۆ یان شەڕی دەرەکی لە زۆربەی وڵاتانی ئەو دووبەشە لە جیهان بەدەر لە ئاسەوارە دژە مرۆڤیەکانی وەک ژێنۆساید، ڕاگواستنی جەماوەری، کۆچبەرکردنی تاک یان بەکۆمەڵی گرووپە جیاوازە نەژادی، ئایینی وکولتورییەکان یان کۆچ کردنو هەڵبژاردنی "تاراوگە" وەک نشینگەی نوێ، دیاردەی سەیروسەرسوڕهێنەری لە بواری ئێتنیکی‌و باری کەسایەتی گرووپە جیاوازە مرۆڤیەکان داناوە.

باری کەسایەتی یان (هویت) لەم ساڵانەی دوایی‌دا جێگرەوەی بابەتێکی وەک چەمکی نەتەوە یان مللیەت بووەتەوە.

دیارە وشەی مللیەت (ملیت) بە هۆی زەختی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی‌و هەروەها ئایینیەوە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا کەوتە بەرپەلاماری توند ودژواربەو پاساوەی کە پەرە بەرەگەزپەرستی‌و بۆ وێنە مەشروعییەت بە کوشتارە بە کۆمەڵەکانی هۆلۆکاست (جولەکە قڕان)و سەفەربەرلی(ئەرمەنی قڕان) دەدات.

ئەوە لە کاتێکدایە پاڵنەری هەردوو کردەوەی جولەکە قڕان و ئەرمەنی قڕان بیرو بڕوای ئایینی بووە.

عوسمانیەکان موسڵمانانی شەڕکەری دژە مەسیحی بوون و ئەرمەنیەکانیان پاکتاو کردو تەنانەت لە قووڵ بوونەوەیەکی ئاسایی‌دا دەردەکەوێ هۆلۆکاست، پاکتاوکردنی بەکۆمەڵی کەسانێکە وا ئایینیان یەهوودییە دەنا لە سەرتاسەری ئەوروپادا جوولەکەکان بڵاوەیان کردبوو، هەروەها خاوەن شوناسی دیاری کراوی ڕەگەزنامە یان (تابعیت)ی خۆیان بوون وەک هاووڵاتیەکی مەدەنی لە وڵاتە ئەوروپایی یەکاندا.

هەروەک باسکرا، لە دوای پەلهاویژتنی دەوڵەتانی بریتانیا، فەرەنساو ئاڵمانو پروسوچەند دەوڵەتی دیکەی ئەوروپایی وەک هۆلەند، بەلژیکـو ئیتالیاو پۆرتوگاڵو ئێسپانیا بۆسەرئەفریقا، ئاسیاو ئەمریکا وچڕبوونەوەی هێزە ڕکابەرەکان لە سەردەسکەوتی زۆرترلە سەرحیسابی سامانی خەڵکی دیکەی جیهان ودروست بوونی شەڕی گەورە لە نێوان ئەم دەوڵەتانەداو لە ناوچوونی ئیمپراتۆرییە کلاسیکەکانی وەک، ڕوس، پروسوعوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیو لە دەسچوونی ئەوەی وا لە چەند سەدەدا لە شوێنەکانی دیکەی جیهان بە دەستیان هێنابوو، بە پێی بڕیارنامەی "وێرسای" کە فەرەنساو بریتانیا وەک براوەی ئەم جەنگە بەسەرئەو چەند دەوڵەتەدا وا باس کرانو دروست بوونی چەند دەوڵەت لەم وڵاتانە، بۆ چەسپاندنی ئەوەی خاکی یەک وڵات ببێ بە موڵکی ئەو وڵاتە، باسی هاووڵاتی بوونوبە تاپۆکردنی ناوی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە هاتە گۆڕێ، بەتایبەت لە ناوچە کێشە لە سەرەکانی نێوان ئەودەوڵەتانەدا خاک – کە هۆکاری سەرەکی ئەو بارگرژیە سیاسیانە بوو- چارەنووسی دانیشتوانی ئەو هەرێمەی دیاری دەکرد.

خاک لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە وەک سامانی دەوڵەتەکان بوو، بەڵام لە بوارە مادییەکەیەوە "دارایی" کەس یان کەسانێ بوو کە لە سەریداخانوو، بنکەی بازرگانی، کێڵگە ولەوەرگەی ئاژەڵی لێ سازکردبوو کە ژیانی خۆیان پێ هەڵدەسوڕاند. ئەو زەوییانەش هەرلە کۆنەوە یان بە کڕینوفرۆشتن یان بە "میرات" گەیشتبووە دەستی تاکەکانو دەسەڵاتەکان لە بواری یاسای خاوەندارێتییەوە لارییان لێی نەبوو، هەربۆیە بە ڕەچاوکردنی "مافی خاوەنداریەتی" وەک هێزی گەورەی گەرەنتیداری پارێزەری ئەم خاوەنداریە بۆ خەڵک بە ناوی "دەسەڵات"ەوە، هەروەها ئەو مافەشیان بۆخۆیان دابین کردبوو کە بە وەرگرتنی باج یان ماڵیات، کرێی خاوەنداریەتی لە خاوەن مڵکەکان وەربگرن.

بە هەرحاڵ دەوڵەتە کلاسیکەکانو دواتردەوڵەتە تازە دروست کراوەکان بۆ ئەوەی ئەزمونی پێکدادانە خوێناویەکانی ڕابردوویان دوبارە نەکەنەوە لە ڕێگەی بە ڕەسمیەت ناسینی یەکتر وەک وڵاتی سەربەخۆ، دانیان بە هەبوونو سەربەخۆییو مەوجودیەتی یەکتردا دەنا، هەرلەو سۆنگەشەوە کۆمەڵێ چەمکی سیاسیو ئیداریو دادوەری(قضایی)و بازرگانی سەریان هەڵدا کە پێویست بوو ڕێگە چارەیان بۆ پەیدا بکرێ بە شێوەیەک وا مەبەستی دوڵەتەکان دابین بکات. لەوانەش مافی دانیشتوانی وڵاتەکان بوو وەک ئەو کەسانەی کە لە ساپۆرتو پشتگری دەوڵەتەکان واتەهەم ئەو دەوڵەتەی کە باجی لێ

وەردەگرێت (دولت متبوع)وهەم ئەو دەوڵەتەی کە لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی ئەودا بوو(وڵاتی بێگانە) کەڵکیان وەردەگرت.

ئەم شتانەی کە باس کرا بنەماکانی مافی ڕەگەزنامەیی یان "تابعیت"ە کە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ مافی رەگەزنامە (CitizenShip) کە ئیعتبارێکی قانونییە کە دەوڵەت بە خەڵکی ناو سنووورە دیاری کراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی خۆی دەدات. لە ڕاستی‌دا دەوڵەت یان "یەکەی فەرمانڕەوایی"، لە یاسای نێونەتەوەیی عورفی یان نەریتی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ‌و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی زلهێزەکان لە دیاری کردنی قەڵەمڕەوێکی نوێ وەک "وڵاتێکی سەربەخۆ"، بەو شێوازەی ئەگەرزلهێزەکان بیانەوێ شوێنێکی جۆگرافیایی لە جیهان‌دا وەک دەوڵەت بناسێنن بێ‌ترس‌و ڕاڕایی ئەو کارە دەکەن‌و لەگەڵیدا هاوکاری دیپلۆماتیک‌و کۆنسۆلیش دەکەن.

هەر لە دەرەوەی نیشتمانی کورد کە بە کوردستان ناسراوەوهیچ وڵاتێک لە جیهان‌دا بە دوڵەت نەیناسیوە ئەگەربڕوانینە مێژووی تورکیای مۆدێرن، عێراق، سووریا، کوەیت‌و ئەفغانستان، ئەرمەنیە وپاکستان هەموویان وڵاتانی نوێ‌و تازەن

.

تەنانەت ئێرانیش کە خۆی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کلاسێکی کەوناردەناسێنێ، بەرهەمی پرۆتوکۆلە نێونەتەوەیی‌یەکانە. بۆ وێنە بڕیارنامەی "ئەرزروم" کە لە نێوان قاجارو عوسمانی‌دا مۆرکرا وئەو دوودەوڵەتە یەکتریان بە ڕەسمی ناساندوە یان ئەمریکا لە ساڵی ١٨٨٠داو لە دوای شۆڕشی "نێهری"، ئێرانی وەک دەوڵەت قەبووڵ کرد.

ئەگەربڕوانینە مێژووی هاوچەرخی ئێران، سەروەری‌و سەربەخۆیی ئەو وڵاتە کە بە "ممالک محروسەی پادشاهی" خۆی دەناساند چەند جاران لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە کەوتۆتە ژێرمەترسیەوە، بۆوێنە لە ساڵی ١٩٠٧دا و لە سەردەمی "وثوق‌الدولە"ی سەرۆک وەزیراندا، ئێران بە گوێرەی پرۆتۆکۆلێک، خۆی خستە ژێرچەتری ڕوس وبریتانیاوە وبەم جۆرە لە سەربەخۆیی دەرچوو، یان لە ساڵی ١٩٤١دا لە لایەن ئەو وڵاتانەوە بۆ ماوەی ٤ ساڵ بەشێوەی سەربازی داگیرکرا وتەنیا بە ناو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو دەنا هەموو جووڵانەوە سیاسی‌و دیپلۆماتیکەکانی لەگەڵ جیهاندا بە ئیرادەی خۆی نەبوو.

ئەم دێڕانەی سەرەوە ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو تەنانەت سەربەخۆیی وڵاتەکانیش، چەمکێکی پێناسە کراوی یاسای نێونەتەوەیی‌یە کەواتە پێدانی "تابعیت" یان ڕەگەزنامە بە خەڵکی یەک وڵات، بە واتای مۆدێرن، پەیڕەوی لە سەروەریو سەربەخۆیی یەکەیەکی سیاسی بەناوی وڵاتەوە دەکات کە بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی پێناسە دەکرێو کاتێ وڵاتێک هەڵدەوەشێتەوەو وڵاتێک یان وڵاتانی دیکەی لێ پێکدێ رەگەزنامەی نوێ دێتە بەرباسو شوناسی نوێ دەدرێت بە دانیشتوانی ئەم وڵاتانە کە تازە سەریان هەڵداوە وپێشترسەربە وڵاتێکی دیکە بوون.

هەربۆیە وشەی ڕەگەزنامە یان تابعیت، لە پێناسەکردن‌دا هەڵگری باری مانایی دوولایەنەیە وباس لە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەی پێکهێنەری دەوڵەتێکی تایبەت دەکات. هەندێ زانایانی یاسای ناونەتەوەیی باسی ئەو پەیوەندیە لەگەڵ "ملت" یان "نەتەوە" دەکەن کە ڕەخنەگرانی تایبەتی ئەم پێناسەش زۆربوون، لەبەرئەوەی چەمکێکی یەکگرتووسەبارەت بە وشەی "ملت" یان "نەتەوە" لە ئارادا نەبووە. بەڵام بۆ ئێمەی کورد وهەروەها شوناسی نیشتمانیی کورد وەک "کوردستان" کە هێشتا یەکەیەکی دەوڵەتی یاسای نێونەتەوەیی نیەو هەروەها هەتا ئێستاش "کێشەی کورد" بەرۆکی چەند یەکەی دیکەی سیاسی گرتوە وبە کردەوە نیشانی داوە کورد بۆخۆی "گەل" یان "نەتەوە" یان "ملت"ێکی دیکەیە وخۆی بە بەشێکی دەوڵەتێکی دیکە نازانێ ودەیان بەڵگەی بە دەستەوەیە کە یەکگرتوویی خاک، جۆگرافیا، زمان، کولتورو سەرچاوە مرۆڤیەکەی نابێ بکەوێتە مەترسی لەناو چوون یان تواندنەوە بە ناوی ئەوەی وەک" تاک" بەشێکە لە پەیوەندی‌یەکی بەزۆردروست کراو لەگەڵ دەوڵەتێکـدا کە بەهی خۆی نازانێ‌وبە پێی یاسای نێونەتەوەییش بووبێ بە هۆی ئەوەی زمان‌وکولتوری جیاوازی خۆی هەیە ناکرێ و ناتوانرێ وەک بەشێک لە فەرهەنگی خەڵکی دیکە ڕەچاو بکرێو ئەگەریش کورد وەک "لایەنێکی بەرانبەر بە دەوڵەتێک" سەیر دەکرێ کە پەیوەندی لەگەڵیدا هەیەو باجی پێ دەداو ئەویش ڕەگەزنامەی پێ‌دەدا کە گەرەنتی هەموو خاوەندارێتییەکانی دەکا ولە هەموومەترسییەکان دەیپارێزێ، باسێکی نوێ دێتە گۆڕێو ئەویش چەمکی نەتەوە یان "میللەت" دەبێ و ئاخۆ کورد خۆی وەک چی پێناسە دەکا؟

پرسیارێک وا هەتا ئێستاش بێ وەڵام ماوەتەوە، لەبەرئەوەی کوردستان‌و کورد دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون‌و لە بواری ئابوورییەوە یەکێ لە دەوڵەمەندترین‌و داراترین دیاردە سیاسی‌و بازرگانییەکانی

جوگرافیای سیاسینو بۆ تاڵان کردنو قەڵاچۆ کردنی سامانی ئەم بەشە لە جیهان هەموو ڕێکاڕێ دەگردرێتە پێش وجا ئەگەر کورد بیهەوێ خاوەنداریەتی خۆی بچەسپێنێ دەبێ خۆی لە شوناسو پێناسەدا وەک بەشێ لە "یاسای نێونەتەوەیی" ببینێتەوە، دەنا دەبێ بۆ ئەوەی نیشانیبدا زوڵمی لێکراوە خۆی تووشێ ڕێگەی دوورودرێژتریان تووش بوون بە چەواشەکارییە مێژوویی‌و فەرهەنگیەکان لە لایەن خەڵکی دیکەوە بکاتەوە کە وەک دەوڵەت مافی ڕەگەزنامەی پێ دەدەن بەڵام گەرەنتی خاوەنداریەتی بۆ ناکەنو تەنانەت پاکتاوی دەکەن یان ڕایدەگوازنو دەربەدەری دەکەنو چیرۆکی دەستکردی بۆ هەڵدەبەستنو لە جیاتی مێژووی ڕاستەقینە دەرخواردی دەدەن.

## خەونی ئیمپراتۆریی ئێران لە یەمەن کەوتە بەر گەردەلوولی ڕاشکاو

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠-٠٤-٢٠١٥

لە غەڵبەغەڵبی شەڕی داعش لە تکریت و مووسڵ لە عێراقدا، ئێسکادرانی هەوایی پێکهاتوو لە سعوودی و چوار وڵاتی عەرەبی لە کەنداوی ئێران لە گەڵ زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان بێجگە لە عێراق، سوریە و لوبنان هێرشیان کردە سەر پێگەکانی میلشیاکانی گروپی «حوسی» لە باکوورو باشووری یەمەن.

حوسیەکان گروپێکی چەکدارن سەر بە " زەیدی" یەکانی پارێزگای سەعدە و ئەم هەرێمە ٢٤٣ کیلۆمتر دوورە لە «سەنعا»ی پایتەختی یەمەنەوە.

"حسێن حوسی" دامەزرێنەری بیرۆکەی « یەکیەتیی مەزهەبی زەیدی» بوو، هەروەها بە شێوازی خومەینی دەستی کرد بە پڕۆپاگەندەی دژی وڵاتانی ڕۆژاوایی، بێجگە لە حسێن حوسی، نوێنەرێکی پەرلەمانی یەمەن بە ناوی «بەدرەدین حوسی» لە ساڵانی هەشتای زایینیدا کە سەربە زەیدیەکان و هەروەها سکرتێری حزبی "الحق" بوو، بیرۆکەی بەرپاکردنی دەوڵەتێکی زەیدی مەزهەبی لە یەمەندا دروست کردبوو.

لە ساڵی ٢٠٠٤وە دوای ئەوەی دەرکەوت کۆماری ئیسلامی ئێران خەریکی دنەدانی ئەو گروپەیە بۆ کاری تێکدەرانە دژ بە دەوڵەتی یەمەن، «عەلی عەبدوڵا ساڵح» سەرۆک کۆماری یەمەن کە خۆی زەیدی مەزهەبێکی سێکولارەو لە ساڵی ١٩٧٨وە سەرۆک کۆماری یەمەنە، هێرشی کردە سەر حوسیەکانی یەمەن و لە سێپتەمبەری هەمان ساڵدا (خەرمانان ١٣٨٣) بەدرەدین حوسی و چەند کەسی دیکەی کوشت.

دۆزی حوسیەکانی یەمەن لە ٢٠٠٤ بە دواوە کەم یان زۆر لە بەر باسی ڕاگەیاندنی گشتی جیهانیدایەو ئەم چەکدارە زەیدیانە وا وڵاتەکەی خۆیان بەرەو هەڵدێر بردوە بێجگە لە هەندێ

دروشمی دژه ئەمریکاو ئیسراییل هەڵگری هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیای سیاسی نین‌و خاوەن بەرنامەیەکی دیار و ڕوون بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتەکەیان نین.

بیرۆکەی حیزبی « الحق» بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەڵگری هەمان ئەندیشە کلاسیکەکەی ئیسلامی سیاسی‌یە.

دیارە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی لە ناو وڵاتە عەرەبیەکان‌دا پێشتر تاقی کراوەتەو وەک «ئیخوان موسلمین» لە میسر، «ئەمەل» لە لوبنان و دواتر بیرۆکەی کۆماری ئیسلامی لە شیعەی دوازدە ئیمامی‌دا لە ئێران کە دوای ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران لە لایەن خومەینی‌یەوە خرایە بەرباس‌و ڕێفراندۆم‌و دەنگدان‌و لە ئاکام‌دا کرا بە دەوڵەت.

دیارە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی پێشتر لە لایەن عەلی شەریعەتی‌و چەند نووسەری شیعەی ئێرانی وەک «جەلال ئال‌ئەحمەد» بابەتی لە سەر بڵاو کرابوویەوە.

حزبوڵا، حەماس و شەباب، بوکوحەرام، گرووپی ئەبوسەیاف و ئەلحەق حزبی حوسیەکانی یەمەن و تەنانەت قاعیدە، هەموویان گروپی چەکداری ئیسلامین و بەدوای بەرپاکردنی دەوڵەتی ئایدۆلوژیکی خۆیانن لە وڵاتە ئیسلامییەکان‌دا.

خاڵی سرنجڕاکێش لەم گروپانەدا پەیوەست بوونیان بە دەوڵەتانی دیکەی ئیسلامی‌یە لە بواری فاینانس(ماڵی) و لۆجێستیک و متمانەداری‌یانەوە واتە اعتبارات.

ئەوەی لە سەرحوسی‌یەکان بۆ وێنە باس دەکرێ نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەوان لە ئێرانەوە بە دوورو نزیک یارمەتی دەدرێن تاکوو بجولێنەوە و دژبە دەوڵەتەکانی خۆیان شۆڕش بکەن. هەموو کەس دەزانێ زەیدیەکان تەنیا لە پارێزگای سەعدە لە باکووری یەمەن‌دا ئەژین‌و ئەوان خەڵکی وڵاتی یەمەنن. وڵاتێکی کۆن بە مێژوویێکی قەدیمەوە... ئەوان خاوەنی وڵاتی خۆیانن و هەتا ئێستابە پێویستیان نەزانیوە ڕاپەڕینی» زەیدی» بکەن. بەهەرحاڵ حزبی «الحق» بە بیرۆکەی دژایەتی لە گەڵ

ئەمریکا و ئیسرائیلەوە دامەزراوە و دواترڕووی لە توندوتیژی لە «گوتار»و لە «کردار»دا کرد وشەڕە مەبەستدارەکەی هێناوەتە «ناوماڵی خۆی» لە یەمەن.

ئەوەی لە مێژووی زەیدیەکاندا تۆمارکراوە باسی بەربڵاوی و یەکنەگرتوویی ئەوان دەکات. ئەوان هێشتا بە شێوازی عەشیرەتیو تایفەیی دەژینو ئەزموونی دەوڵەتداری مۆدێرنیان نیە، هەرچەند وەک تاکێکی یەمەنی لە دەسەڵاتدا بەشداریان کردوە بۆ وێنە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بە کودەتاییکی سەربازی لە ساڵی ١٩٧٨وە هەتا ٢٠١٢ بۆماوەی ٣٤ ساڵ فەرمانڕەوای یەمەن بوو.

لە ساڵی ١٩٦٢وە کە «جەماڵ عەبدوناسر» هێزی سەربازی نارد بۆ یەمەن و هەتا لەت بوونی یەمەن بە دووبەشی «باکوور»و «باشوور»و بەشداربوونی هەر دوویەمەن لە شەڕی سارد لە نێوان دوو بەرەی «کۆمۆنیستی»و «کاپیتالیستی» و یەکگرتنەوەی دووبارەیان دوای ڕووخانی سۆڤیەتی پێشوو لە ١٩٩١دا ،کۆمونیستەکان و سێکولارەکانی سەربە ڕۆژاوا کۆنترۆڵی یەمەنی یەکگرتوو، هەروەها یەمەنی لەتکراو، دواتر یەمەنی دووبارە یەکگرتویان بەدەستەوە بووە.

کاتێ یەمەن یەکی گرتەوە بەرەی سەربە ڕۆژاوا، ئیدارەی وڵاتی گرتەوە دەستی خۆیو عەلی عەبدووڵڵا ساڵح بوو بە سەرۆکی وڵات. عەبدڵڵا ساڵح زەیدی مەزهەبێکی سێکولار واتە دەوڵەتەدارێکی دوورلە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی بوو، هەربۆیە جیاوازی ئایین و ئاینزا (مەزهەب) لە سیستەمی حکوومەتی سێکولاری یەمەندا بێواتا بوو.

بەڵام لە دوای ڕووخانی سەدام حسێنو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن شیعەکان لە عێراقداو ئاوەڵابوونی دەستی کۆماری شیعە مەزهەبی ئێران لە عێراقدا، ئێران شەقاوێکی گەورەی هاوێشت بۆ ئەوەی بیرۆکەی ئیمپراتوری شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات بە ڕووداوێکی بە کردەوەیی کە هیچ دیاردەیەک نەتوانێ نکۆڵی لێ بکات. بە هەرحاڵ «نینۆکەشەڕە»ی ئێران لە بەحرەینو باکووری سعوودیەو باشووری لوبنانو پشتگیری ئەم وڵاتە لە دەوڵەتی «عەلەوی/بەعسی» سووریە لە بەرامبەر شۆڕشی سوننە لەم وڵاتەداو هەروەها ختوکەدانی حوسییەکانی یەمەن لەم وڵاتە کە سەرەتا وادەردەکەوت بۆ ئازاردانی شانشینی سعودیەیە کە سنووری لە گەڵ پارێزگای سەعدەی یەمەن

هاوبەشە و ئێستا دەرکەوتوە ئەم «گەمە» کردنانە پێشەکی پلانێکە بە مەبەستی بەرپاکردنی دەوڵەتێکی شیعە لە یەمەنو سێناریۆی لەت بوونەوەی دووبارەی یەمەن بە شێوازێکی دیکە وا ئێران بە ڕێوەی دەبات، مەبەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

پێگەی یەمەن لە جوگرافیای سیاسیدا زۆرگرنگە لە بەرئەوەی کۆنترۆلی «دەریای سوور» دەکات لە ڕێگەی گەرووی « بابالمندب»ەوە، هەروەها سنووری دەریایی لە گەڵ چەند وڵاتی ئەفریقاییداهاوبەشە، لە لایەکی دیکەوە کەنارەکانی یەمەن ئەڕوانێ بە سەر «ئۆقیانووسی هێند»دا. کەواتە ئێران لەڕێگەی کۆنترۆڵ کردنی یەمەنەوە دەتوانێ هێزی دەریایی نیشتەجێ کراوی ئەمریکا لە دەریای سووردا و هەروەها کۆنترۆڵی باشووری ئیسرائیلوگەرووی ئابووری «ئۆردون» واتە کەنداوی «عەقەبە»ش بخاتە مەترسییە، لە لایێکی دیکەشەوە میسرو «کاناڵی سویز»وشانشینی سعودی بە گشتی ئەکەنەوە بەرهەمووجۆرە شاڵاوێکی نەرێنی پەلامارەکانی ئێرانەوە. کەواتە یەمەنو کێشەی حوسیەکان و هەروەها پەلامارەکانی «القاعده» لە پارێزگای «حەزرمەوت» کە دۆزی ئەویش پەیوەستە بە بابەتێکی دیکەی ئیسلامی سیاسی لە جۆری ڕادیکالیسمی سوونەگەری ولەوانەیە لە دەرفەتێکی دیکەدا لە سەری توێژینەوە بکرێ – بابەتی « ئاسایشی جیهانی» ی بە شێوازێکی کەم وێنە خستوەتە مەترسیەوە.

ئێران لەم بەربەرەکانیەدا هاوکێشەی سەرەکیەو دەیەوێ بە پەلهاوێژتن بۆ هەر شوێنێکی دنیا لە ڕێگەی وروژاندنی «پرسی شیعە»، ئەمنیەتوئاشتی جیهانی تێکبدا. ئەم ئارەزووە مەترسیدارەی ئێران بۆ ڕۆژاواو جیهانی عەرەبی قەبووڵ ناکرێ هەربۆیە بە ئەو پەڕی تواناوە لە بواری سیاسیو نیزامیەوە لە بەرانبەریدا ڕاوەستان و هەم بە شەڕو هەم بە دیپلۆماسی بەرەنگاری ئێران وهاودەستە زەیدیە ڕادیکاڵەکانیان کرد و سەرەڕای شەڕلەگەڵ حوسیەکان کە لە ئۆپەراسیۆنی بەربڵاوی «گەردەلوولی ڕاشکاو»دا خۆی نواند،ئێستاش لە " ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان" دا بڕیاری گەمارۆدانی ئەم گرووپە – وا پاشکۆی کۆماری ئیسلامی ئێرانە- لە بواری ئابوریونیزامیەوە ڕاگەیێندرا.

ئەمەش خەونی هاشەوپاشەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ گەیشتن بە ئیمپراتوری ئۆقیانوسەکان دەزڕێنێ.

له ژماره ٦٥٤ ی رۆژنامەی ''کوردستان''دا بڵاو بۆتەوە

# پەیوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا دوای ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاوکردنەوە: ٢٦-٠٩-٢٠١٥

نزیکەی دوو مانگ دەبێ کۆماری ئیسلامی ئێران و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕێکەوتنامەی ناوەکیان مۆر کردوە. دیارە لە فەرهەنگی سیاسیدا ئەم بڕیاری ڕێکەوتنە لە لایەن ئێران و شەش زلهێزی دنیا لە سەرەوەی هەموویانەوە وڵاتی ئەمریکا پێناسە دەکرێ. لە بەر ئەوەی ئەمریکا یەکەم وڵاتی بەهێزی دنیایە دژبە چالاکیە ئەتۆمیە نهێنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران هەڵوێستی فەرمی دەربڕی.

هۆکاری سەرەکی بوونی ئەمریکا، لە دژایەتی کردنی ئێران لە بواری ئەتۆمیدا، پەیوەستە بە ڕابردووی دیپلۆماسی ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی ١٩٧٩ی زاینی بەدواوە... لەم ساڵەدا ڕێژیمی شاهەنشاهی لە ئێراندا بە شۆڕشی خەڵک هەڵوەشاوە و کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خۆمەینی وەک پیاوێکی ئایینی /ئیسلامی، لەم وڵاتەدا دامەزرا و ئەم کەسە لە یەکەم ڕۆژەوە دروشمی دژە ئەمریکایی و دژە ئسراییلی بەرزکردەوە و گەیشتە ئەو ڕادەیەی کۆنسولخانەی ئیسراییل لە تاران داخراو درایە دەستی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین وا دژ بە ئیسراییل چالاکی چەکداریی دەکرد و هەروەها باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە لایەن کەسانی هەواداری خۆمەینی وا ئامادە بوون بە بڕیاری خومەینی تەنانەت خۆیان بە کوشتن بدەن کەوتە بەر پەلامار و دەیان کارمەند و دیپلۆماتی ئەم وڵاتە لە باڵیۆزخانەکەدا بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتە بگرن...

دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵی زۆری بۆ ڕزگار کردنی ئەو خەڵکەدا و لە ئێران قەتیس و دەستەسەر کرا بوون و لە ئاکامدا چی بۆ ئێران مایەوە: بڕیاری دادگای فێدێراڵی ئەمریکا بە بلۆک کردنی داراییەکانی ئێران لە ئەمریکا وا زیاتر لە چەندین میلیار دۆلار بوون. هەروەها ئەمریکا لە ڕێگەی جۆراوجۆری سیاسییەوە چەند جۆر ئابلۆقە و گەمارۆی ئابووری و دارایی و سیاسی بە سەر ئێراندا داسەپاند و هەتا ئێستاش بۆ ماوەی ٣٥ ساڵە بەردەوامن.

دەمار گرژی ئێرانیەکان هەمووکات تەنگانە و بەدبەختی بۆ وڵاتەکەیان دروست کردوە لەوانە تووش بوون بە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئەوان و عێراقەوە و خۆمەینی ئەم شەڕەی بە هۆکاری "خەڵات و براتی یەزدان" بۆ خەڵکی ئێران لە قەڵەمدا، کەچی دوای ٨ ساڵ شەڕ ئەم خەلات و بەراتە یەزدانیە بە خواردنەوەی ژەهری کوشەندە لە لایەن خومەینییەوە کۆتایی پێهات بەڵام ئاسەواری جۆراوجۆری

ماڵوێرانکەری شەڕی ئێران و عێراق هەتا ساڵانێکی دوور و درێژ بەرۆکی ئەم وڵاتەی بەر نەدا... ئەوەی دیارە هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی دەوڵەتی ئەمریکا بە هەڵگرسێنەری ئەم شەڕە دەزانێ...

بەهەرحاڵ دوای چالاکیە ئەتۆمیەکانی ئێران لە ۲۰۰۳ بە دواوە ئەمریکا، ئاژانسی نێو دەوڵەتی وزەی ئەتۆم، ئیسراییل وڵاتانی عەربی، تورکیا و وڵاتانی ڕۆژاوا لە ڕیزبەندییەکی بێوێنەدا کەوتنە بەرانبەرکێی ئێران و ئەم وڵاتە خرایە ئاویلکەوە تا ئەو ڕادەی کە لە هاوینی ۲۰۱۲دا لە دوای چوار بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دژی چالاکیە ئەتۆمیە گوماناویەکانی ئێران بۆ یەکەم جار ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی و یەکێتی ئەوروپا کۆمەڵێ گەمارۆی قورسی دراوی و بانکی و ئابووری یان بە سەر کەسانی بەشدار لە پرۆسەی ئەتۆمی ئێرانەوە و هەروەها خودی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران داسەپاند.

لە ڕواڵەتدا ئەم بابەتە پرۆسەیەکی سیاسی یاسایییە بەڵام کاتێ دەڕوانینە کۆنڤانسیۆنە یاساییەکانی نێونەتەوەیی و هەموو ئەو قەرار و بڕیارانەی وا لە ناو سیستەمی ناوخۆیی وڵاتانی جۆراوجۆر بەتایبەتی زلهێزەکان دروست کراون یان لە بڕیارنامە و پەیمانە ناو دەوڵەتیەکاندا ڕێکەوتنی لە سەر کراوە، مرۆڤ بەو ڕاستییە دەگات کە ئەم بابەتە زۆر قورس و ئاڵۆزە و هەروەها لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیاندا دەبێ دەورەیەکی زەمانی دوور و درێژ بخایێنی تاکوو ڕەوشەکە بگاتەوە خاڵی سفر، پاشان دروست کردنەوە و ساخ کردنەوەی هەموو ئەو شتە خراپانە کە بە هۆی چالاکی ئەتۆمی و دژایەتی کردنی جیهان لە گەڵیدا، بە سەر گەردونەی ئابووری وڵاتی ئێراندا هاتوە چەندە وزە و هێز و زەحمەتی دەوێ و لە کۆتاییدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە بۆ؟ بۆ ئەم نەهامەتیە دەبێ بە سەر ئێرانیەکاندا ڕوویدا؟

لە دوای ئەوەی چالاکیە نهێنییە ئەتۆمیەکانی ئێران ئاشکرا بوون زۆر دەستەواژەی سەیر و سەمەرە کەوتنە ڕاگەیاندنەکانەوە وەک: چالاکی ئەتۆمی بە مەبەستی کار بۆ ئاشتی، لابیگەری ئێرانی لە ئەمریکا، نەرمی نواندنی قارەمانانە، دۆستایەتی نێوان گەلی ئەمریکا و گەلی ئێران، قاچاخی کەرەستە و کەل و پەلی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی، عەبدولغەدیرخان باوکی بۆمبی ئەتۆمی پاکستان، ڕکابەریی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە درۆ داخستنەوەی مەرگەساتی" هۆلۆکاست" یان

جولەکە قڕان، کەیکی زەرد، ئۆرانیۆمی پیتێنراوی زیاتر لە ٤٪ و دروست بوونەوەی پەیوەندی‌یە پچراوەکانی ئێران و ئەمریکا لە دوای ٣٠ ساڵ...

لەم سەر و بەندەدا، زۆر لایەنی (حەقیقی) و (حقوقی) قازانجیان کرد، دەڵاڵەکان، بازەرگانەکان، سەڕافەکان و زۆر کەسی دیکە کە سەودای ناوبانگ و دەوڵەمەندی لەسەریاندا بوو.

چەند دەوڵەتی وەک ڕوسیا و چین و... پێگەی خۆیان بە هێز کرد. کەسانی وەک (هوشنگ امیراحمدی) و (تریتا پارسی) وا کەس نەیدەزانی چۆناوچۆن زەق کرانەوە، بوون بە ناوبژیوانی ئاشتی بۆ ئێران و ئەمریکا... ئەوان بە ڕەگەز ئێرانی بوون بەڵام گوایە ساڵانێکی زۆر لە ئەمریکادا ژیابوون و گوایە خێرخوازی ئێران و ئەمریکا بوون... لەم نێوەندەدا توێژی مامناوەند و فەقیری ئێرانی ماڵکاول کران و ئەوی دیارە زەختێکی هەرە زۆری ئابووری لەسەر شانی زۆرینەی خەڵکی ئێرانەوە کەڵەکە کرا. بەهەر حاڵ دوای هاتنی باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ئێرانیەکان بەو باوەڕە گەیشتن بۆ مانەوەیان لەسەر نەخشەی جوغرافیای سیاسی جیهان دەبێ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە بۆچووەکانیان سەبارەت بە خۆیان و دنیای دەرەوەی ئێران بکەن. دیارە هەمان دروشمەکانی دژ بە ئەمریکا لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکان دەدرایە دەرخواردی ڕای گشتی بەڵام "دیپلۆماسی نهێنی" کۆماری ئیسلامی، کەوتە جووڵە و بە دەیان جار دەیان شاند (هیئت)ی دیپلۆماتیک لە شوێنە جیاوازەکانی دنیا دوور لە چاوی دووربینی ئاژانسە هەواڵەکان و پەیامنێرەکان و ڕۆژنامەنووسەکان لە هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکا کۆدەبنەوە و خەریکی سیاسەت کردن بوون.

بەهەرحاڵ دوای زیاتر لە ١٠ ساڵ لەم گەمە سیاسیانە دوو مانگ پێش ئێستا ڕاگەێینرا ئێران و ئەمریکا ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی یان مۆر کردوە.

هەرچەند ڕای جیاواز لە ناو هەر دوو کۆمەڵگەی ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و ڕابردووی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە ئارادا هەبوو، تەنانەت چەند سێناتۆری کۆماریخوازی ئەمریکایی وەک" تام کاتێن" بە ئاشکرا نامەیەکیان ئاراستەی عەلی خامنەیی سەرۆکی ئایینی/سیاسی ئێران کرد و ڕایانگەیاند بەم ڕێکەوتنامە زۆر دڵخۆش نەبێ، بەڵام لە کۆتایی‌دا بە چەپڵەڕێزانی حزبی دیموکڕاتی ئەمریکا و دار و دەستەی حەسەن روحانی و ڕاگەیاندنی عەلی

خامنەیی سەبارەت بە "بێ لایەن بوون" لەم پرۆسەدا، قۆناغێکی دیپلۆماتیک لە نێوان ئێران و ئەمریکا دەستی پێکردوە.

دیارە عەلی خامنەیی وەک "ولی امرمسلمین" یان خاوەنی هەموو کار و باری موسڵمانان کە لایەنگرەکانی ئەو نازناوەیان پێبەخشیوە، قەت لە کێشەی ئەتومی دا و گەیشتن بە رتێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا ناتوانێ بێ لایەن بێ و داهاتووی فەرمانڕەوایی خۆی بخاتە تارکایی چارەنووسێکی نادیارەوە. بەڵام یەک شت ئاشکرایە لێدوانەکانی ئەم رۆژانەی عەلی خامنەیی، سەبارەت بە لەناوچوونی ئیسرائیل هەتا ٢٥ ساڵی داهاتوو یان دژایەتی کردنی ئەمریکا ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە شەڕی سەرەکی کۆماری ئیسلامی بۆمانەوەیە، لەبەر ئەوەی لە ماجەرای بارمتەگرتنی دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و پاشان ووتووێژەکان سەبارەت بە کۆتایی هاتنی ئەم ئاڵۆزییە، مەرجی سەرەکی ئێران بۆ ڕادەست کردنی ئەو گیراوانە بۆ ئەمریکا ئەوە بوو ئەمریکا گەرەنتی ئەوە بدات هیچ کات نەکەوێتە شەڕەوە لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا و دوای ئەوەی دەوڵەتی ئەمریکا بڕیاری ئەوەی دا هەتا ٢٥ ساڵ لەگەڵ ئێراندا هیچ شەڕێک بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەست پێ نەکات، بارامتەکان سەربەست کران.

بەلام ئێستا دوای کۆتایی هاتنی ئەم ٢٥ ساڵە و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چەک و ئاگری ئەمریکا هەموو ئەم گەمە سیاسیانە خرانە گەڕبەڵکوو گەرەنتیەکە نوێ بکرێتەوە.

ئەوەی لە ڕاگەیاندن سەبارەت بە برگە و مادەکان ئاشکرا کران دەڵێ دەیانەوێ ئێران ئەو ئرکانە پێویستە بە جێ بهێنێ تاکوو بڕوای پێبکەن و گەمارۆکان هەڵبوەشێننەوە بەڵام لەوانەیە ٣٠ یان ٥٠ ساڵی دیکە بەڵگەی نوێ ئاشکرابکرێن وڕاستیەکان دەربخەن یان "ویکی لیکس"ێکی دیکە بکەوێتە کار بۆ ئاشکرا کردنی نهێنیە سیاسییەکان. بەڵام دیارە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بمێنیتەوە هەموو جۆرە خەرج و باجێک دەدات و بەڕاستی مرۆڤی بیرمەند پێکەنینی بەو جۆرە حکومەت کردنە دێ … کۆماری ئیسلامی سیستمێکی فەرمانڕەوایی دۆڕاوە… لەبەر ئەوەی دڵی خەڵکی خۆی ڕانەگرتوە و هەموو کات ئازاری داوە …

کۆماری ئیسلامی چاوەڕێیە نەوە و نەسلی نوێی ئێرانیەکان لە دایک ببن و پشتی بگرن چونکە دەزانێ ئەم دووسێ نسڵەی دوای ساڵی ١٣٥٧ی هەتا ئێستا بوغزاندوە و کەس دڵی لەگەڵیدا نیە هەر بۆیە ٢٥ ساڵ بۆ لە ناوبردنی ئیسرایيل شیمانە دەکا تاکوو خەڵکێ لە ئێران پەیدا ببن کە لە بیریاندا نەمابێ کۆماری ئیسلامی چی بەسەر دوو نەسڵی پێش ئەوان هێناوە.

# کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاوکردنەوە ٠٤-٠٢-٢٠١٥

ڕۆژنامەی " کوهستان" ژمارەی ١٥ ڕۆژی شەممە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٢٤ی هەتاوی، ڕاپۆرتێکی دەستەی چاودێری دەوڵەت (هیئت بازرسی) بڵاو دەکاتەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە " کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیە وشانشینێکی کوردی تێیدا دەسەڵاتداری دەکات، ئەنجومەنی وەزیران و هێزی بەرگری تێیدا بەرپاکراوە و ستاندنەوەی کوردستان پێویستی بە دەستێوەردانی سەربازی و نیزامی، خوێنڕژتن و کوشتار، لەناو بردنی نەیاران و دژبەران و داماڵینی چەکی دانیشتوانی ئەم ناوچە هەیە"(١)

دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەرەنجامی هەموو پەرەسەندنە سیاسییەکانی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەدەی بیستەم بوو. وەرچەرخانە سیاسییەکانیقۆناغی دەسپێکی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و بەدناوبوونی فاشیسم بە ئەزموونی ڕسوا و بێ ئاکامینازیسمی هیتلێری و کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ کە بە زیاتر لە کوژرانی ٤٠ میلیۆن مرۆڤ لە ئەوروپا و ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوە و سەرکەوتنی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی بە سەر ئاڵماندا ، کۆلۆنیالیسم یان " استعمارگری" کلاسیکی خستە ئاویلکەوە. چێرچیل بریتانیای لە ژێر بۆنی بارووت، پەردو، وێرانە و جۆگەی خوین دا کردە براوەی شەڕ بەڵام ئازادیخوازانی موستەعمەراتی پاشایەتی بریتانیا نەیاندەتوانی لەوە زۆرتر" دان بەخۆدا گرتن" بکەن بە تاکتیک بۆ درووستکردنی کۆشکی ئازادی ی خەیاڵەکانیان لە دنیای ڕاستیەکانی ژیاندا. سۆڤیەت بەپێچەوانەی بریتانیا لای سەرووی ئێرانی چۆڵ نەکرد هەر بۆیە بریتانیا کەوتە بزاڤێکی بێوێنەی دیپلۆماتیکەوە بۆ ئەوەی سۆڤیەت بە شێوازێکی کەم تێچوو- لە هەموو بوارێکەوە- لە ئێرانی پەیمانی سێنتۆ(سەعدئاباد ١٩٣٧) بکاتە دەرەوە.

شارەزایانی سیاسی دەزاننبریارنامەی سێنتۆ لە ژێر چاودێری بریتانیالە ساڵی ١٩٣٧دا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بریتانیای کۆلۆنیالیستی( استعماری) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیهانی عەرەبی و هێندستان بە هاوبەشی ئێران، ئێراق، تورکیا و ئەفغانستان مۆر کرا. ماخۆلەی ئێران، تورکیا و ئێراق لە بابەتی شۆڕشەکانی کورد کە بە شێوازی دەورەیی و ناوبەناو لەو سێ دەوڵەتەدا سەری هەڵئەدا و دراوسێ بوونی کورد لەگەڵ قەفقاز کە بەشێک لە قەلەمڕەوی سۆڤیەت بوو، هەروەها هەبوونی بەشێکی بەرچاوی کورد لە ڕوسیا وەک دانیشتوو، مەترسی دەستێوەردانی سۆڤیەتی لە دۆزی کورددا بۆ ئەو سێ دەوڵەتە زەق ئەکردەوە، هەر بۆیە پەنایان بۆهەموو جۆرە ئامرازێکی ناڕەوا دەبردکە ڕواڵەتی بابەتەکە بگۆڕن بۆ ئەوەی کە دۆزی کورد مەترسییە بۆئاسایشی ناوچەکە و هەروەها دنیا!

هەمووی ئەم شانۆگەرییە فێڵبازانەش وەک "کارتێکی پۆکێر" بوو لە قوماری سیاسی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمەدا.

بریتانیا لە کاتی شۆڕشەکانی کورد لە لوتکەی دەسەڵاتداری جیهاندا بوو. هەر بۆیە بابەتێکی سیاسی و گۆڕانکاریەکانی ناوچەیی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی بریتانیاوە خوێندنەوەی بۆ ئەکراکە لە ژێر ئەم مەتەڵۆکەدا لەقاو دەدرایەوە " ڕۆژ لە ئیمپراتۆریای بریتانیادا ئاوا نابێ". دیارە مەبەستەکە سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە.

بەهەر حاڵ سۆڤیەت لە دوای شەڕی دووهەمرووی لەگەشە بوو، درووشمەکانی بۆ ئازادی گەلان گوێگری تامەزرۆی لە دنیادا بۆ خۆی پەیدا کردبوو... بریتانیا لە هەمبەر سۆڤیەت دا خۆی بە دۆڕاو دەزانی و ئەمریکاش وەک یەکەم براوەی شەڕی دووهەم تازە سەری هەڵدابوو، فەرەنساش دەوری نەمابوو.

چۆڵ نەکردنی ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە بە گوێرەی دەرهاتەی کۆنفرانسی تاران (١٩٤٣ز) کە تێیدا پێشبینی کرابوو لە دوای لەناو بردنی هیتلێر دەبێ بریتانیا و سۆڤیەت لە باکوور و باشووری ئێران بچنە دەرەوە و سەرپێچی کردنی سۆڤیەت لە پەیمانی تاران بیانووی دایە دەستی بریتانیا و ئەم دەوڵەتە سکاڵای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە سۆڤیەت بەرز کردەوە، کۆماری کوردستان بۆ کورد و ئێران، تورکیا و ئێراق یەک مانای هەبوو: یەکەیەکی خودموختار واتە یەک دەوڵەت یان یەک فەرمانڕەوایی نەتەوەیی بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی( حقوق بين الملل) کە ئەم سێ ئایتەمەی لە خۆی دەگرت: ١- توانای درووست کردن و چاکسازی لە یاساکاندا بە پێی سیستەمی یاسایی وڵات ٢- دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوشتی (اخلاقى)دەوڵەت، لەو ڕووە کەدەسەڵاتی یاسایی لە سنووری خۆیدایە ٣- سەربەخۆیی سیاسی و دادوەری( قضایی) کۆمەڵگەیەکی سیاسی و ڕامیاری.[٢]

لە ڕاستیدا هەرواش بوو، کۆماری کوردستان لە ماوەی نزیک یەک ساڵ فەرمانڕەوایی خۆیدا خاوەن " حاکمیت ملی" یان فەرمانڕەوایی نەتەوەیی خۆی بوو... لەوانەیە پێویست نەکات بچینە ناو وردەکاریەکانی هەڵسوکەوتی ئیداری و فەرمانڕەوایانەی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەرەی دژە کورد(ئێران-ئێراق- تورکیا) ئەم بابەتە واتە ڕەفتاری سیاسی کۆماری کوردستان بۆچی وەک زەنگی مەترسی بۆ خۆی لەقەڵەم دەدات، لە ڕاستیدا بۆ ئاتاتورک وڕەزاشا و مەلک فەیسەڵ بەشداری کردن لە پەیمانی سەعداباد زیاتر لەوەی دەربڕینی هەستی وەفادارانە و نۆکەرسفەتییان بێ بۆ بریتانیا، وەرگرتنی گارانتیەکی گەورەی نێونەتەوەیی لە سەرووی هەموویانەوە بریتانیا واتە زلهێزی جیهان لەو سەردەمەدایە بۆ ئەوەی مەترسی و خەمی گەورەی " دەوڵەتی

کوردستان" له پاڵ دەستیاندا بڕەوێنێتەوە کە ناوەندی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە...بەهەرحاڵ ئەگەر دەڕوانینە ڕەفتارەکانی دەوڵەتێکی دژبەری کورد وەک تورکیا دەرئەکەوێ لە بەرپاکردنی کۆماری کوردستان هەراسان بووە. بەڵگەش نامەی " ئیدێن" وەزیری دەرەوەی بریتانیایە بۆ " مۆلۆتۆڤ" وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت سەبارەت بە گازندەنامەی " حەیدەر ئۆکتای" وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ ساژنی بریتانیا لە مەڕ مەبەستەکانی کورد بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی کوردستان هەروەها دەوڵەتی ئێراق زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر شۆڕشی یەکەمی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا لە بەر ئەوەی ئاگای لە جنوجۆڵی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بوو کە دەیانویست چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن لە ڕێگەی بەرپاکردنی کەیانێکی سیاسییەوە کە ڕێکخراوی "ژ-کاف" خەریکە پڕۆپاگەندەی بۆ ئەکا و ئەوێ بووە بە پێگەی کوردانی ئازادیخواز لە هەموو بەشەکانی کوردستان ولە سەروو هەموویانەوە ئێران، دژبەری ڕاستەوخۆی کۆماری کوردستان هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان لە ناو ببات. هەر بۆیە کەوتە سیخوڕی کردن لە کوردستاندا تاکوو خاڵە لاوازەکانی کورد لەو گل وخولەدا بدۆزێتەوە و زەبری جەرگبڕی لێبدا.

شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی سەقز لە ١٩٤١دا هەتا دەگاتە هەوڵەکانی ئێران بۆ داگیرکردنی مەهابادی پایتەختی کۆمار لە دوای پەیمانی گوڵۆڵان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ڕێگەی سەردەشت و سەقزەوە کە شەڕی یەکەم و دووهەمی "مامەشا" و " قاراوا" و شەڕی "میرەدێ" نموونەن بۆ توندوتیژی دەوڵەتی تاران دژ بە کۆماری کوردستان.

دیارە بریتانیا و سۆڤیەت گەمەی خۆیان ئەکرد لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەفتی ی جیهانیدا وهەم کۆماری کوردستان و هەم دەسەڵاتەکانی دژبەری کۆماریان بە یەک چاو دەبینی، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو بەرژەوەندیەکانی کورد نەدەچووە خانەی دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی بریتانیا و سۆڤیەتەوە، هەرچەندە لە سەرەتادا وا دەردەکەوتسۆڤیەت لە بەدیهێنانی درووشمەکانیدا ڕەوشتبەرزی دەپارێزێ بەڵام لە دواییدا دەرکەوت گرێبەستی نەوتیی دەریای قەزوێن ناسراو بە گێس- گوڵشائیان هەمان هات و هاواری بریتانیایە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەنەتەوەییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە کوردستان بەشێک لەو نەوتەی لە ژێر خاکەکەیدا هەبوو. بەڵام بۆچی کوردستان وەک دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندی دەسکەوتێکی بۆ وەدینەهات و تەنانەت دەسەڵاتەکەشی کۆتایی پێهات؟ یەک وەڵام ڕوون و ئاشکرایە ، نەبوونی پێگەی دیپلۆماسی لە فەرهەنگی سیاسی جیهانی ی سەدەی بیستەم دا...

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی کورد لە سەدەکانی پێشوودا، کورد هیچ کات وەک یەکەیەکی سیاسی ناونەتەوەیی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی جیهاندا دەرنەکەوتبوو.

ڕاستە میرانی کورد فەرمانڕەوای هەرێمە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بوون، بەڵام هیچ کات وەک دەوڵەت لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی ی سەدەکانی دوای ڕۆنێسانس دەرنەکەوتبوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو دەوڵەتانی سەفەوی، قاجار و عوسمانی لەگەڵ ڕۆژدا سیاسەتیان دەکرد و بنکەی ئیداری نەتەوەیی خۆیان لە جیهانی سیاسەتدا دەپاراست.

بەهەرحاڵ کورد لە کۆماری کوردستاندا بەختی خۆی تاقی کردەوە و ئەزمونێکی هەرچەند کەم ماوەی پێشکەشی جیهانی سیاسەت و فەرهەنگی یاسای نێودەوڵەتی کرد. هەرچەندە لە تەوەژمی ڕکابەری و بەرانبەرکێی سیاسی زلهێزەکاندا لەناو چوو، هەروەها دەوڵەتانی دژبەری بەم ڕووخاندنە شاد و بەختەوەر بوون بەڵام ڕاپۆرتی " هیئت بازرسی" ڕاستییەک دەدرکێنێ : لەناو بردنی کورد و داگیرکردنی کوردستان تێچووی زۆری دەبێ و ئەگەر دەوڵەتانی نەیاری دۆزی کورد بیانهەوێ کورد لە ناو ببەن دەبێ لە مانەوەی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا ماندوو بووبێتن و دەستیان لە خۆیان داشۆردبێ... ئەزمونەکانی ساڵانی دواتر ئەم ڕاستییەی بۆ ئێرانیەکان دەرخست کەوا دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەخراوەیە و بە دانەخراوی دەمێنێتەوە.

**ژێدەرەکان**


- قاضی محمد و جمهوری کردستان در آینەی اسناد نوشتەی بهزاد خوشحالی، چاپ یکم، انتشارات فردوسی، همدان، ۱۳۸۰، ص ۲۷۵
- دانشنامەی سیاسی (فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی) نوشتەی داریوش آشوری، چاپ چهاردهم ، انتشارات مروارید، ۱۳۸٦، تهران
- جمهوری کردستان نوشته ی حامد گوهری، ترجمه ی حسن ماورانی، چاپ اول، انتشارات شهاب، اربیل، ۲۰۱۳، ص ٤۷


لە هەفتەنامەی کوردستان ژمارە ٦٤۹ دا بڵاو کراوەتەوە

# فتوای وەلی فەقێ بەهێزترە یان یاسا و ڕێسای" شەیتانی گەورە"؟

## ئازاد کەریمی

بەرواری بڵاو کردنەوە: ٢٨-١٢-١٣٩٣

لە هەفتەنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٢ دا بڵاو کراوەتەوە

هەرا و جەنجاڵی تووڕەیی دەربڕین بە هۆی نامەی سەرئاوەڵای ٤٧ سێناتۆرە ئەمریکاییەکە بۆ سەرۆکی ئێران هەتا دەڕوا فراوانتر و گەورەتر دەبێ. لەو نامەدا سێناتور تام کاتێن و ٤٦ سێناتۆری دیکەی حزبی کۆمارخوازی ئەمریکا کە ئاراستەی عەلی خامنەیی سەرۆکی ئایینی- سیاسی ئێرانیان کردوە، ڕاشکاوانە پییان ڕایانگەیاندووە : تۆ شارەزای یاساکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیت و دەبێ بزانی هەر جۆرە ڕێکەوتننامەی ئێران و ١+٥ لە سەر پرۆگرامی ناووکی ئێران دەبێ بگەڕێتەوە ناو بازنەی سیاسەتی ئیداری ناوخۆی وڵات کە لە یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکان و پارلەمان و یاسای بنەڕەتی ئەمریکادا شوناس دەکرێ و دەبێ کۆنگرەیئەمریکا دەنگدانی بۆ بکا و دوای ئەوەی ٢/٣ی سێناتۆرەکان دەنگی ئەرێ یان پێدا، ئەو کات دەبێتە بڕیارێکی یاسایی و دواتر بۆ تەوشیح واتە جەخد کردنەوەد و تنفیذ واتە بەڕێوەبردن دەگەڕێتەوە بەردەستی سەرۆککۆمار.

ئەم نامە لەسەرەتادا وا دیار بوو سووژەیەکی ڕێکلام کردنە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆک کۆماری ی ئەمریکا، بەپێچەوانەوە ئێستا وا دەردەکەوێ کەوتووەتە قۆناغێکی نوێ لە بواری یاسای ئیداری و نێونەتەوەییدا هەرچەندە سەرۆک کۆماری ئەمریکا باراک ئۆباما و جان کێری وچەند بەرپرسی باڵای ئەمریکا وەک ئەندامانی حزبی دێمۆکراتی ئەمریکا لێدوان و بەرپەرچدانەوەی توندیان خستە ڕوو، بەڵام لە دوای ئەوەی " دەنگۆی بەرپاکردنی دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان" لەم نزیکانەدا هاتووەتە ئاراوە، لێدوانەکانی بەرپرسانی حزبی دێموکرات توندتر بووەتەوە. تەنانەت دوای ئەوەی ئۆباما ڕایگەیاند باڵی ڕادیکاڵی سیاسەتی ئێران، دژ بە ڕێکەوتننامەی ئێران و ٥+١ هاوپەیمانییان درووست کردووە، لێدوانەکان بە ئاراستەی هەڕەشە و تەنانەت تاوانبار کردنی ئەو ٤٧ سێناتۆرەدا ڕۆییشتووە، بۆ وێنە " باربرا باکستێر" ئەندامی پایەبەرزی حزبی دێموکرات لە کۆمیتەی پەیوەندیە دەرەکیەکانی " سێنا " لە ڕاگەییندراوێکدا نووسینی ئەم نامەی بە

کردارێکی سەرەڕۆیانە بۆ تێکدانی ڕەوتی گوت و بێژێک لەقەڵەمدا وا خەریکە بەربەست بۆ ئێران دروووست ئەکا لە مەڕ دەست پێڕاگەییشتنی ئەو وڵاتە بە وزەی ناووکی ئەگەر بیەوێ بە مەبەستی دروووست کردنی چەکی ئەتۆمی بە کاری بهێنێ.

لە لایێکی دیکەوە عەلی خامنەیی سەرۆکی ئێران هەر لە سەرەتادا ڕایگەیاند " ئەم کارە نیشاندەری هەرەسهێنانی ڕەوشت و ئەخلاقی سیاسی" لە ئەمریکادایە و جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێرانیش گوتی: نووسینی ئەم نامە پلانێکی فێڵبازانەی ڕێکلام کردنی سیاسی یە و هیچ نرخێکی یاسایی نیە.

دیارە لێدوانە گازندەئامێزەکەی سەرۆکی ئێران، دڵگرانی ئاشکرا و ڕاشکاوانەی پێوە دیارە و لەو جۆرە چاوەڕواننیەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەوانەیە بە هۆی هەندێ شتی ڕواڵەتی و ڕووکەشییەوە لەواندا دروووست بووبێ بۆ وێنە لێدوانەکانی کاربەدەستانی ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە هاوکاری کردنی بەپێزی ئێران لەگەڵ ئەمریکا لە" دۆزی ئەفغانستان و تاڵیبان" و هەروەها شەڕی داعش کە دوژمنی هەردوولایانە و دانیشتنی نوێرانی پایەبەرزی سیاسی-دیپلۆماتیکی هەردوو وڵات لە سەر " پرسی ناووکی ئێران" لەم دواییانەدا زۆر شتی دیکەی نهێنی نێوان ئەو دوو وڵاتە کە لە سەردەمی باراک ئۆباماوە جارجار لە میدیاکانەوە باس دەکرێن و ئاشکرا دەبێ.

ئاساییە دەوڵەتی ئەمریکا بەرژەوەندیەکانی خۆی دەپارێزێ، ئێرانیش وەک دەوڵەت هەمان ئامانجی هەیە بەڵام لەناوخۆی هەردوو وڵاتدا جموجۆڵی باڵە سیاسییەکان وەک حزبەکانی دێموکرات و کۆماری لە ئەمریکا و توندئاژۆ و نێونجی ئاژۆکان لە ئێراندا گەییشتن بە دەسەڵات و هەروەها پاراستنی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەیانە و پرۆپاگەندەکردن بەشێک لە تاکتیکەکانی گەییشتن بە دەسەڵاتە و هەتا ئەو ڕادەی خەسار و زیانی بۆ ستراتێژی وڵات نەبێ لێی قەبووڵ دەکرێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو کردارەی کە ٤٦ سێناتۆرەکە ئەنجامیان دا چەندە ڕێکلام کردنە بۆ گەییشتن بە دەسەڵات. تەنانەت دەکرێ لە بابەتێکی زۆر گرنگی سیاسی دەرەوەی ئەمریکادا وا ١٢ساڵە سەرقاڵی کردووە بە درووشم و بافیش و بلۆف ئەو هەموو کاردانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دۆزی ئەتۆمی ئێران و لەسەرووی هەموویانەوە ئۆباما و خامنەیی و دەزگای دیپلۆماسی هەردوو وڵاتی لێبکەوێتەوە؟...

دیارە لە سیستەمی بەڕێوەبەری هەر وڵاتێکدا لە سەرووی هەموو دامودەزگا بەڕێوەبەریەکاندا پۆستی سەرۆکایەتی وڵات تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە ئێران سەرۆکی وڵات و لە ئەمریکا سەرۆک کۆمار، باڵاترین ئۆرگانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرین، بەڵام لە ئەمریکا سەرۆک کۆمار تەنیا لە بواری دەوڵەتدا باڵاترینە و هەر بۆیە کۆنگرە بە ٢/٣ی دەنگی سێناتۆرەکان دەتوانێ بڕیاری تاکلایەنەی سەرۆک کۆمار شل بکاتەوە یان هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵام لە ئێراندا بە پێچەوانەوە سەرۆکی وڵات هێزی بە سەر

دوو هێزەکەی دیکە واتە دادوەری و پارلمانیشدا دەشێ وهەموو بڕیارەکان بە بڕیاری سەرۆکی وڵات کە زۆرینەیان بە فتوای ئایینی بەناوبانگن هێزی کارپێکردنیان لێ زەوت ئەکرێ.

دیارە عەلی خامنەیی لە ڕوانگەی دەسەڵاتداریی خۆیەوە دەسەڵاتداریی وەردەگێڕێتەوە و پێی وایە چونکە سیستەمی سەرۆک کۆماری ئەمریکا پرێزیدێنتاڵ ( سەرۆکایەتی کۆمار بە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت)ە، بەواتای ئەوەیە باراک ئۆباما دەتوانێ هێزی داسەپێنەری سیاسەتی وڵات بێ وەک ئەوەی خۆی و سەرۆکی پێشووتر واتە خومەینی بە درێژایی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێبەر، بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان داوە و دەنگ و ئیرادەی خەڵک و سیستەمی دەسەڵات بە گشتی ، بە قسە یان بڕیارێکی ئەوان پشتگوێ دەخرێ و بە سەر دەزگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سیاسەتی دەسەڵاتدارێتیدا دادەسەپێنرێ.

لە لایێکی دیکەوە جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران باسی ئەوە دەکا: دەوڵەتەکان نوێنەری گشتیی و بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی وڵاتی خۆیانن و ئەرکی بەڕێوەبردنی هەموو بەرپرسیارێتیەکانی ئەستۆیان وا لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا لە گەردنیان گرتووە دەبێ بەجێبهێنن و ناتوانن بە بیانووی " پەیرەوی ناوخۆی وڵات" ئەرکە ناونەتەوەییەکانی خۆیان ئەنجام نەدەن و هەروەها گۆڕانکاری لە سیستەمی دەوڵەتدا بە واتای لەکار کەوتنی ئەرکە نێونەتەوەییەکانی هیچ هیچ دەوڵەتێک نیە. هەروەها ئەوەشی گوتووە" ڕێکەوتنی ناوکی دەبێ بە شێوازێک باس بکرێ کە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا ببێ بە ڕێکەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی و ببێ بە ئەرکێکی بەرپرسیارانە کە دەبێ جێبەجێ بکرێ.

بە هەموو ئەو بابەتانەی وا لێرەدا قسەی لەسەر کرا و بێ شیکاری و شیمانەی بڕیار و یاسا و ئەرکەکانی لایەنەکانی " پرسی ناوکی ئێران" یەک بابەت ڕوون و ئاشکرایە : هیچ وڵاتێک وەک کۆماری ئیسلامی لە بواری ڕێزشکاندنی یاسا نێونەتەوەییەکان پێشەنگ و پێشڕەو نەبووە. بۆ وێنە لە پاییزی ساڵی ١٩٧٩ دا هەموو بڕیارە نێونەتەوەییەکانی خستە ژێر پێ و دیپلۆماتەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکای لە تاران دا بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتە گرت.

بەڵام یەک شت ڕوون و بەرچاوە: سەردەمی تاکڕەوی لە جیهاندا کۆتایی پێهاتووە و یاساکانی نێوخۆی وڵاتەکان و یاسای نێودەوڵەتی لە بواری کارپێکردندا بەرەو ڕەوتێکی سیستێماتیک ئەچن و لەوە دەچێ نامەی سێناتۆرە کۆمارییەکان بۆ سەرۆکی ئێران لاپەڕەیەکی نوێ لە بواری سیاسەتی بەڕێوەبەری وڵات لە ئەمریکادا هەڵداوەتەوە و نموونەیەک دەبێ لە ئاستی بەرزی هۆشیاری نوێنەرانی خەڵکی وڵاتێکی وەک ئەمریکا کە لە ڕێگەی یاساوە ئەیخەنەوە بیری سەرۆک کۆماری وڵاتی هەرە گەورەی لیبێرال دێمۆکراسی جیهان کە سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی وڵات بەرپرسیاری هەموو ئەو کارانە

دەبێ کە پیی وایە لە بەرژەوەندی وڵاتەکەیدایە و سەرۆکایەتی کردنی خەڵک و وڵات بە ڕقئەستووری و ملهۆڕی نیە بەڵکوو لە بیرکردنەوەیەکی سیاسی قووڵدایە و بە ئامرازەکانی بەردەستی بۆ ئەوەی هەموو جیهان بە وڵاتەکەی خۆیشیەوە لیی بحەسێتەوە و ئاسایش و ئاشتی جیهانی، ئەو درووشمەی وا ئەمریکا دژ بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران هەڵیگرتووە، مسۆگەر بکات.

# ئێمپراتۆری ئاریایی- شیعی یان کایەی گەورە؟

**ئازاد کەریمی**

بەرواری بڵاو کردنەوە: ٠٥-٠٤-٢٠١٥

ئەم بابەتە لە گۆڤاری ٦٥٣ی کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە

لە سێمیناری " ئێران، ناوبانگ، گەل و نیشتمان"دا جێگری تایبەتی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کار و باری قەومەکان و کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان باسی ئەوە دەکات کە " ئێراق نەک هەر لە سنووری شارستانیەتی ئێمەدایە دیارە کەسایەتی و شوناس، فەرهەنگ، ناوەند و پایتەختی ئێمەشە".

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا گوایە " ئێمپراتۆری ئێران کە پایتەختەکەی بەغدا بوو ئێستا ژیاوەتەوە. ئەم بابەتە هەم هی ئەوڕۆیە و هەم هی دوێنێ، لەبەر ئەوەی جوغرافیای ئێرانقەت هەڵناوەشێتەوە کەواتە یان دەبێ پێکەوە شەڕ بکەین یان دەبێ پێکەوە بسازێین و یەکبگرین".

دەربڕینی ئەم وشانە لە زاری ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کار و باری کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ئێران، دەنگ و هەرای هەم لە ناو ئێران و هەم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک مسر، تورکیا، سەعودی و تەنانەت ئێراقیش بەرپا کرد. بۆ وێنە ٢١ نوێنەری پارلمانی ئێران لە نامەیەکدا وا ئاراستەی سەرۆک کۆماری ئێرانیان کردووە هۆشداری دەدەنە ڕۆحانی کە گوایە ئەو قسانەی عەلی یونسی بە ئاراستەی قسەی دوژمنانی کۆماری ئیسلامی دا ڕۆییشتووە وا چەند ساڵە خەریکن هزری خەڵک لە ئیسلام و ئێران دەتۆقێنن و ئەم چەواشەکاریانە لە ڕاگەیاندنەکان و هەڵوێستەکانیاندا دیار و ئاشکرا کراوە.

سەرەڕای ئەم جۆرە هەڵوێستانە چەند وڵاتی وەک تورکیا و عەرەبستان ناڕازی بوونی خۆیان لەم بابەتانە وا عەلی یونسی ورووژاندوویەتی ڕاگەیاندووە و هەر یەکە و لە ڕوانگەی پەیوەستبوون بەم پرسەوە دڵگرانی خۆی دەربڕیوە. دیارە هەڵوێستەکان زیاتر لەوەی باسی زمان و فەرهەنگی ئێتنیکی بکا، دەربڕینی هەستی " سوننی گەری"یە چ لە سەعودی چ لە تورکیا و چ مسر و تەنانەت لە دەوڵەتی شێعەی ئێراقیش دا. ئەوان وڵاتی سەربەخۆن و لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا نوێنەریان هەیە. کێشەی نێوان لەگەڵ ئێران " ملهوڕی ئایدۆلۆژیکە" شەڕی نێوان دوو مەزهەبە لە یەک سەرچاوەی ئایینی واتە شەڕی شیعە و سوننی لە ئایینی ئیسلام، شەڕی ئیمامەت و خەلافەت، سەڕی عومەری و عەلەوی، شەڕی ئومەوی و هاشمی، شەڕی کوفە و مەدینە و شەڕی " چاڵدەران ی دووهەم" دوای پێنسەت ساڵ. شەڕێکە تێزی " صدور انقلاب" ی ڕوحوڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە ئاگرەکەی بۆ خۆش کردووە و دوای دەیان شەڕ و پێکدادان و تێکهەڵچوون چ ڕاستەوخۆ وەک شەڕی ئێراق و ئێران و چ بە فۆڕمێکیتر وەک درووستکردنی ئاژاوە لە لوبنان، فەلەستینیەکان، مسر، سودان، یەمەن، ئێراق، ئازەربایجان، بۆسنی، ئەفغانستان، پاکستان، بەحرەین، ئێستا گەییشتووەتە

لووتکەی شەڕێکی دژواری خوێناوی وەک " شەڕی نێوخۆی سوریا" و دواتر شەڕی داعش کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتوەتەوە. ئەوە ئێستاش لە یەمەن بەرەیەکی نوێی شەڕی دژ بە سوننە کردوەتەوە بە ناوی پشتگری کردنی "حوسی"یوکانی یەمەن، گرووپێکی زەیدی مەزهەب لە باکووری یەمەن کە بۆ ماوەی ١٣٠٠ساڵە لەو وڵاتەدا بە هێمنانە ئەژین.

یەک ڕاستیی ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو جیهاندا بنکە و پێگەی هەیە بۆ کاری تێکدەرانە، ئایدۆلۆژیای شێعە کە پێشتر بە ناوی " ئیسلامی سیاسی" خەریکی گەمەکردن بوو لە گۆڕەپانەکەدا و درووشمەکانی لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکاندا ــ بە شێعە و سوننەوە- لە لایەن ڕادیکاڵەکانەوە پەسەند ئەکرا و گێچەڵی بۆ دەوڵەتی وڵاتە ئیسلامیەکان درووست ئەکرد ئەمجارەیان بە کەڵک وەرگرتن لە هەمان جیاوازی مەزهەبییەوە کە لە ناو جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا هەیە خەریکی شەڕ درووستکردنە و کایە ئەکا، کایە بۆ مانەوە. ئەمە گەمەیەکی ترسناکە کایەی ئاژاوەنانەوەی مەزهەبی هەر بۆ بەهێزبوونی مەزهەبی شێعە نیە، دیارە کایەی گەورەیە، ئەوەی وا چارەنووسی مێژووی سەردەم بۆ داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا دەسنیشان ئەکا. عەرەبستان، مسر و تورکیای سوننە مەزهەب بە قەت ئێران لە ناوخۆی وڵاتە ئیسلامییەکاندا خاوەن پێگە نین. لە بەر ئەوەی بە ڕادەی ئێران بە دوای دۆزی تێرۆریسمی دەوڵەتییەوە نین.

بەشێک لە کورد لە ئێراندا سوننەن. تورکیا بە هۆی کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا لە هاوکاری کردنی سوننی مەزهەب دوودڵە. سەعودی لە سەر بەلووچەکانی ئێران تا ڕادەیەک هەستیارە بەڵام پاکستان بە هۆی کێشەی بەلووچەکانی خۆیەوە دوودڵە لە هاوکاری بەلووچی سوننی مەزهەب. تەنانەت وڵاتە عەرەبییە سوننە مەزهەبەکان پێداگری ناکەن لە تێوە گلانی لە دۆزی سوننی لە ئێراندا بەڵام ئێران لە پاکستان، عەرەبستان، تورکیا، ئەفغانستان، سوریا، بەحرەین، لوبنان و یەمەن و تەنانەت مسر دەتوانێ بە ئاسانی خەریکی وورووژاندنی دەرووزی، عەلەوی، زەیدی و شێعەکان بێ و شەڕی ناوخۆیان بۆ بەرپا بکات.

ئێران وڵاتێکی " فرەنەتەوە" و " فرە ئایینە" بەڵام بە شێوازێکی پۆلیسی و ئەمنیەتی و میلیتاریستی سیاسەتی سەرکوتکاری و دەمکوت کردنی دژ بە هەموو ئەو نەتەوە و میلەتانەی کە وڵاتی ئێرانیان لێ پێکهێناوە پەیڕەو کردووە و دەسەڵاتی ئەم وڵاتە " چل تیکە" بەوپەڕی بێ شەرمییەوە بە " قەوم" واتە تایفە و هۆز ناویان دەبات و پۆستێکی حکومەتی بە ناوی " یاریدەدەری سەرۆک کۆمار لە بواری قەوم و ئایین و مەزهەبەکان" داناوە و " عەلی یونسی" کردووە بە بەرپرسی ئەو پۆستە کە هیچ شوێن

وبنكه و سەنگێكی لە دەزگای ئیداری و سیاسی دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا نیە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی نەتەوە و ئایینەكانی بێجگە لە فارس و شیعە بكات.

بە هەرحاڵ ڕەوشی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست( ناوەندی وزەی جیهان) بە بارودۆخێكی دژوار و سامناك و ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێ. هەموو دوژمنانی ژمارەیەكی كورد و كوردستان لە قوڕی شەڕی مەزهەبییەوە ڕۆچوون. كوردەكان لە هەرا و نەڕەی دوژمنە مێژووكانیاندا كە ئێستا هەموویان دوژمنی یەكترن و خەریكی كوشت و بڕی یەكترن، بێ دەنگ، كپ و پەژارە و گێژ و كاسن. هەر كات بیانەوێ باسی مافی خۆیان بكەن گوێیان پێنادەن یان وەك كۆماری ئیسلامی ئێران دژایەتی ڕاستەوخۆیان دەكەن یان پەلكێشی شەڕی مەزهەبییان دەكەن.

بە هەر حاڵ ئەوەی وا عەلی یۆنسی باسی كرد، ڕاستییەكی تۆقێنەری دركاند: كۆماری ئیسلامی هەموو ناكۆكییە ئایینی و مەزهەبیەكانی ناو وڵاتەكەی خۆی بێباكانە و بێ منەت لە دنیاسەركوت دەكا و بە بچووك نیشانی دەدا، بەڵام گرفتاری و كێشەی وڵاتانی دەوروبەری خۆی چەند ئەوەندە گەورەی دەكاتەوە ودەیكات بە ئاژاوە و بەدبەختی بۆ خەڵكی ئەو وڵاتانە.

یەك ڕاستی ڕوون و ئاشكرایە: دێوی شەڕ و ئاژاوە و بەدبەختی زنجیری پساندووە و خەریكە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی كێشەیەكی پڕ لە مەرگەسات دەكات. ئەو ئیمپراتوریەی وا عەلی یۆنسی باسی ئەكات ئێمپراتۆریەی وا عەلی یۆنسی باسی ئەكات ئێمپراتوریەتی مەرگ و تاریكی ومالْوێرانییە... زرەی زنجیری پساوی دێوی ئێمپراتوری كۆماری ئیسلامی ئێران خەریكە گوێی مرۆڤایەتی كەڕ ئەكات، بەڵام ئاخۆ چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە و جیهان لەم نەهامەتییە ڕزگار دەبێ؟ بەڵێ ئیرادەیەكی گەورەی جیهانی دەوێ دژ بەم ڕێژیمە تێرۆریستییە كە ناوی كۆماری ئیسلامی ئێرانە، بوەستێتەوە.

**تێبینی:**

چەند بابێتێک لەم یاداشتانەی من لە لایەن ڕاگەیاندنی حزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە سەر ماڵپەڕی کوردستان و کورد لابراون. من لێی بەرپرس نیم. دیارە بە دەرفەتی دەزانم لێرەشەوە ڕایگەیێنم من هیچ جۆرە پەیوەندییەکم لەگەڵ حزبی دێموکراتی کوردستان و هیچ حزبێکی دیکەی کورد یان غەیرە کورددا نیە و هەتا ئەو ڕۆژەی زیندووم دوژمنی کۆماری ئیسلامی ئێرانم.